زنجیرەی خێزانی سەردەم

SEXUAL HARASSMENT

04

بەرەڵایی سێکسی

ئێستا کاتی دانەوەی باجەکەیە

ئامادەکردنی:
ئیسماعیل عەرەفە

وەرگێڕانی:
سەرهەد حەسەن نەجم

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

بەرەڵایی سێکسی

ئێستا کاتی دانەوەی باجەکەیە

بەرەڵایی سێکسی، ئێستا کاتی دانەوەی باجەکەیە

ئامادەکردنی: ئیسماعیل عەرەفە
وەرگێڕانی: سەرهەد حەسەن نەجم

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نووسینگەی تەفسیر
چاپی یەکەم ١٤٤٥ك - ٢٠٢٤ز

نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی ٣٠مەتری تەنیشت منارەی چۆلی
+964 750 818 08 65
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com
tafseeroffice \

RAWASEKH

ئامادەکردنی پێڕست - نووسینگەی تەفسیر
عەرەفە، ئیسماعیل
بەرەڵایی سێکسی، ئێستا کاتی دانەوەی باجەکەیە، ئیسماعیل عەرەفە (ئامادەکار)، سەرهەد حەسەن نەجم (وەرگێڕ)
٨٨ لاپەڕە،
١٤* ٢١ سم
بابەت، فیکری، پەروەردەیی
ISBN: 978-9922-690-45-2

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/
هەرێمی کوردستان، ژمارە سپاردنی (٩٩٤)ی ساڵی (٢٠٢٣) پێدراوە.

"بیروبۆچوونی ئەم کتێبە، مەرج نییە هەمان بیروبۆچوونی نووسینگەی تەفسیر بێت"

دیزایین، نووسینگەی تەفسیر

بەرەڵایی سێکسی

ئێستا کاتی دانەوەی باجەکەیە

ئامادەکردنی:
ئیسماعیل عەرەفە

وەرگێڕانی:
سەرهەد حەسەن نەجم

بسم الله الرحمن الرحيم

ناساندنی زنجیرەکە

ڕۆژانە گەنجی موسڵمان بەگشتی و کۆمەڵگەی کوردەواری بەتایبەت، ڕووبەڕووی بیرۆکەی نوێی ناباو و دروستکراو، پتر ئاراستەکراو دەبنەوە. مەبەست لەم بیرۆکە ئاراستەکراوانەیش، بریتییە لە تێکدان و سەرگەردانکردنی مرۆڤ بەگشتی و چەند کۆمەڵگەیەک بەتایبەتی، بۆ مەرامی بڵاوکردنەوەی بیرۆکەگەلێکی بێشوومار.

لەم سۆنگەیەوە، (نووسینگەی تەفسیر) وەک کاری هەمیشەیی خۆی، بە ئەرکی سەر شانی خۆی زانیوە بە ڕووی هەر بیرۆکەیەکی ناباودا هەڵبشاخێت، کە ئاراستەی کۆمەڵگەکەمان دەکرێت. هەر بۆیە لەم ڕووەوە، هەڵساین بە وەرگێڕان و نووسینی زنجیرەیەک کتێبی سادە و ڕەوان، بە جۆرێکی ئەوتۆ، کە خوێنەرانی قۆناغی پێشکەوتووی بنەڕەتی و ئامادەیی بتوانن بەئاسانی هەرسیان بکەن؛ تەنانەت زنجیرە کتێبەکە بە جۆرێکی وا دیزایین کراون، کە خوێندکارانی زانکۆ و مامۆستا و پسپۆڕانیش سوودی گەورەیان لێ ببینن و ببن بە هەوێنی سەرچاوە گرنگەکانیان.

بەرەڵایی سێکسی،
ئێستا کاتی دانەوەی باجەکەیە

لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، دروشمی لاوەکانی ڕۆژئاوایی بریتی بوو لە:

(شەرم مەکەن، هەست بە تاوان مەکەن و با ویژدانتان ئازارتان نەدات، ئێمە ئازادین لە هەڵسوکەوتە سێکسییەکانمان).

هەرشتێک حەز و ئارەزووە سێکسییەکانمان کپ بکاتەوە، یاخود هەرشتێک ڕێگری لە پەیوەندییە سێکسییەکانمان بکات، ئەوە تاوانە و دەبێت بە تەواوی لەسەر نەخشە بسڕدرێتەوە.

ئەو بەربەستە ئەخلاقییەی، کە لە لایەن ئایینەوە سەپێنراوە، هیچ واتایەکی نییە دەبێت تەفروتوونا بکرێت و بڕووخێنرێت!

بیرۆکەی شۆڕشی سێکسی، هاوکات بوو لەگەڵ تێڕوانینی زانای دەروونناسی بەناوبانگ (سیگمۆند فرۆید)، کە دەیوت: "پاڵنەری سێکسی بەهێزترین پاڵنەری مرۆڤە، کپکردنی حەزە سێکسییەکان سەرچاوەی هەموو شڵەژان و شێوانە دەروونییەکانە".

ئیدی لەم سۆنگەیەوە شۆڕشی سێکسی سەرچاوەی گرت و بوو بە بنەمایەک بۆ هەڵوەشاندنەوەی بیرۆکە باوەکانی هاوسەرگیری و خێزان و وەچەخستنەوە و گۆڕینەوەی بە بەرەڵاییەکی بێسنوور، کە ڕەچاوی هیچ یاسا و ڕێسایەک ناکات، جگە لە حەز و ئارەزوو، گرنگ نییە، تا چەند لادەر و گومڕایت و سنوورت بەزاندووە.

بێگومان ئەمەیش ڕێپێدان و برەودانە بە سەرکێشیی سێکسی و سێکسکردن لەگەڵ هەر شتێک و لە هەر کاتێکدا.

یاخۆ هەروەک زانای دەروونناسیی ئەمریکی (تۆماس دویل) دەڵێت: "بەهۆی شۆڕشی سێکسییەوە، خەڵکی لە توانایاندا نەماوە حەز و ئارەزووە سێکسییەکانیان کپ بکەن و نایشتوانن کۆنترۆڵی بکەن، باوەڕیان وایە هەرکاتێک حەزی سێکسییان جووڵا و وروژان، دەبێت ئەو حەزە بەکاربهێنن و سێکس بکەن و نابێت هەست بە تاوان بکەن".[1]

بەڵام لەم جیهانەدا هیچ شتێک بەخۆڕایی و بێبەرانبەر نییە، هەر کاڵایەک باجی خۆی لەسەرە. کاتێک لە ژێر ناو و کاریگەریی ئازادیی سێکسیدا سزا نەما، ئیتر شەرم و ئابڕوو بەرەو نەمان چوو. ئیدی کاتی دانەوەی باجەکەی هات.

[1] Thomas L. Doyle, The Moral and Psychological Effects of the Sexual Revolution, The Linacre Quarterly, August 1971, Vol 38, No. 3. Article 13

فیلمی پۆڕن

زانای دەروونناسی ئەمریکی (مێلیسا فارلی) دەڵێت: "یەکەم جار گوێم لە مافناسێک بوو وتی: (فیلمە پۆڕنەکان جۆرێکی تری لەشفرۆشین)، ئیدی ئەو بیرۆکەیە هزری ڕۆشن کردمەوە و لە خۆمم پرسی ئاخۆ لە سەرەتادا چۆن جیاوازییان لە نێوان ئەم دوانەدا کردووە؟"[٢]

کچێکی هەژاری داماو، کە برسێتی تەنگی پێهەڵچنیوە، بەخێرایی جیهانی پۆڕن سەرنجی ڕادەکێشێت و دەکەوێتە داوی زوو دەوڵەمەندبوون و خەون بەوەوە دەبینێت ببێتە خاوەن سەرچاوەی دارایی خۆی.

بەڵام هەر زوو ئەو ئاوات و خەونانە لەناودەچن و ڕووی قێزەونی جیهانی پۆڕن ئاشکرا دەبێت و دەبێتە موتەکەیەک بۆ ئەوانەی لەم بوارەدا کار دەکەن، هەروەها ژیانیان وێران دەکات، چەندین نەخۆشی جەستەیی و دەروونی بە دوای خۆیدا دەهێنێت. لەبری ئەوەی دەرهێنانی فیلمی پۆڕن پارەیان بۆ بهێنێت، نەخۆشیی سێکسی و شڵەژانی دەروونی و شێوانی جەستەیان بۆ دەهێنێت.[٣]

---

(2) Melinda Tankard & Abigal Bray, Big Porn Inc: Exposing the Harms of the Global Pornographic Industry, (Australia: Spinifex, 2011).

(3) https://shorturl.at/buVX4 گەواهیدانی شیلی لوبن لەبەردەم دادگای ئەمەریکی لەسەر بەرهەمهێنانی فیلمی پۆڕن.

نووسەری پۆڕن (لوک فۆرد) دەڵێت: "زۆربەی ئەو کچانەی بەشداریی فیلمی پۆڕن دەکەن، دوای دەرهێنانی یەکەم ڤیدیۆ دەست لەکاردەکێشنەوە و وازدەهێنن، چونکە ئەزموونێکی بەئازار و تۆقێنەر و ڕیسواکەر و ئابڕووبەرە، بەجۆرێک جارێکی تر دووبارەی ناکەنەوە".

کارکردنی زۆرەملێ، نەخۆشیی سێکسیی لە بن نەهاتوو و بێکۆتا، بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە هەموو شوێنێک، سنووربەزێنی جەستەیی، کە بەرگە ناگیرێت...

ئەی باشە ئەو خۆشگوزەرانییە چیی لێ هات، کە شۆڕشی سێکسی پەیمانی پێ دابوون؟!

هەر لەبەر ئەو هۆکارانە بوو، کە چوار ئەکتەری پۆڕن لە ساڵی (٢٠٠٤ز) کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییان ئەنجامدا و تێیدا ڕایانگەیاند، کە تووشی نەخۆشی کوشندەی ئایدز هاتوون.[٤]

یەکێکیان وتی: "سەرەڕای تووشبوونی بەردەوامی ئەکتەرەکان بەم نەخۆشییە و بڵاوبوونەوەی بەهۆی ئەم کارەوە، بەڵام هێشتا بەرهەمهێنانی فیلمی پۆڕن بەردەوامە، چونکە لە دەرئەنجامدا ئەمە کارێکی بازرگانییە و مەبەستی سەرەکی لێی بەدەستهێنانی پارەیە، نەک تەندروستیی ئەکتەرەکان و تواناداركردنی ئافرەتان".

[4] Cameron Bay Says Her Co-Star Was Bleeding During Shoot But They Kept Going Without A Condom.

گەشتیاری سێکسی

(نامەوێت هەفتەیەکی تەواو لەگەڵ هەمان ئافرەت بەسەربەرم، ڕاستە ماوەی زیاتر لە چل ساڵە هاوسەرێکی جوانکیلەی قژزەردم هەیە و زۆر خۆشحاڵ و خۆشگوزەرانین پێکەوە، خانووی خۆم هەیە و دوو منداڵیشم هەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هەندێ کات لەگەڵ لەشفرۆشە تایلەندییەکان ڕادەوێرم، هۆکاری ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دەمەوێت شتێکی نوێ تاقی بکەمەوە).[1]

ئەوەی سەرەوە وتەی گەشتیارێکی هۆڵەندییە بەناوی (ڕۆبەرت).

شۆڕشی سێکسی دەرگای واڵا کرد بۆ ناپاکیی هاوسەران، کەشێکی وای بۆ فەراهەم کردن بە ئارەزووی خۆیان هەموو شتێک بکەن، جا هەرچۆنێک بێت و لەهەر کاتێکدا بێت؛ نە ئایینێکیان هەیە سنوورییان بۆ دابنێت، نە ویژدانێکیشییان هەیە ڕێگرییان لێ بکات..

لەو جیهانە سەرمایەدارییەی ئێمەدا، شاری (بانکۆک)ی تایلاند بە بەناوبانگترین شاری گەشتیاریی سێکسی دادەنرێت لە جیهاندا، نزیکەی (٢٥٠،٠٠٠) ئافرەتی لەشفرۆشی تێدایە و سێیەکیان منداڵن، لە کاتێکدا هەندێ سەرچاوەی تر ئاماژ بۆ ئەوە دەکەن،

---

[1] (1) Exploring the Minds of Sex Tourists: The Psychological Motivation of Liminal People https://shorturl.at/aftu0

کە تەنیا لە تایلاند نزیکەی (٨٠٠،٠٠٠) ئافرەتی لەشفرۆش هەن.[١]

لە تایلاندەوە بۆ کەناراوەکانی کینیا، کە گەشتیارە بەریتانییەکان زۆر بەچڕی گەشتی بۆ دەکەن، بەمەبەستی سێکسکردن لەگەڵ ئەفریقییەکان، بەم جۆرە بازاڕی سێکسی چالاک دەبێت و دایکان منداڵەکانیان دەفرۆشن بەمەبەستی تێرکردنی حەز و ئارەزووی بەریتانییەکان. سەیری ئەو بەناو شارستانییەتە بکەن لەوپەڕی دونیا بۆ ئەوسەری دونیا گەشت دەکات تەنیا لەپێناو تێرکردنی حەزە سێکسییەکانیدا!

توێژەری تایلاندی (یۆدمانی تێپانۆن) سەرنجمان بۆ پرسێک ڕادەکێشێت ئەویش ململانێی نێوان پیاو و ئافرەتە، ناوبراو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت: "بوونی ململانێ لە نێوان هاوسەران لە ماڵێکدا لەسەر پرسی بەرپرسیارێتی و پلەوپایە لە کاردا، پاڵنەرە بۆ ئەوەی پیاوان بە دوای چێژدا بگەڕێن لەگەڵ ئافرەتێکی تر، بەجۆرێک تێیدا هەست بە ململانێ و ناکۆکی نەکەن لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەریاندا".[٢]

هەر لە چوارچێوەی ئەو ململانێیەی، کە بووەتە هۆی دروستبوونی ڕق و دژایەتی لە نێوان ژن و پیاو لە ڕۆژئاوادا، هاوڵاتییەکی سویدی بە ناوی (مارکۆس) باسی ئەزموونی خۆیمان

---

[1] سەرچاوەی پێشوو

[2] Yodmanee Tepanon, Exploring the Minds of Sex Tourists: The Psychological Motivation of Liminal People.

بۆ دەکات لە گەشتی سێکسیدا و تیشک دەخاتە سەر ئەو پاڵنەرانەی، کە بوونەتە هۆکار بۆ ئەنجامدانی ئەو گەشتە و دەڵێت: "ئافرەت لە وڵاتی من دەیەوێت بەهێز و سەرسەخت و دەوڵەمەند بێت، هەر ئەوەیش بوو بە هۆی ئەوەی بە تێپەڕبوونی کات، پەیوەندیی نێوان من خۆشەویستەکەم لە پەیوەندییەکی سۆزدارییەوە بگۆڕێت بۆ ململانێ. بێگومان من پێویستم بە هاوسەرێکە یەکترمان خۆش بوێت و گرنگی بە یەکتر بدەین، نەک ململانێ و دژایەتیی یەکتر بکەین لە هەموو شتێکدا".[1]

ئیدی بەم جۆرە و زۆر بەسانایی شۆڕشی سێکسی دەرگای واڵا کرد بۆ ناپاکیی هاوسەران، بەڵام ئایا لە سەرەتادا شۆڕشی سێکسی بوو بە هۆی لێکترازانی خێزانی؟

---

(1) Chris Ryan & C. Michael Hall, Sex Tourism: Marginal People and Liminalities.

سەرگەردانیی خێزانەکان

توێژەری ئەمریکی (ماری ئێبرستاد) دەڵێت:

"شۆڕشی سێکسی بەرێژنە داباریبە سەر خێزان و ماڵەکانیان و بووە هۆی هەڵکشانێکی بێوێنە لە: لەباربردن و ماڵی بێسەرپەرشتان و لێکترازانی خێزانی و هەروەها کەمبوونەوەی ژمارەی خێزانی جێگیر". [1]

شۆڕشی سێکسی مرۆڤی بێبەش کرد لە ماڵە بنچینەییەکەی و ژیانی شێواند، ئیدی هەستی ئارامی خێزانی نەما و گەرموگوڕی پەیوەندییە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان لەناوچوون، بەرەڵایی سێکسی و ئەخلاقی جێی گرتەوە. لە دەرئەنجامدا شێوان و تێکچوونێکی وای بە دوای خۆیدا هێنا، کە بەر لە شۆڕشی سێکسی بوونی نەبووە، لەوانەیش:

* ناپاکیی بەردەوامی هاوسەران..

* منداڵێک، کە لە دایکێکی ڕەگەزگۆڕاو و باوکێکی هاوڕەگەزبازە..

* خێزانێک کە لە سێ باوک و دایکێک پێکهاتووە..

---

(1) Mary Eberstadt, Primal Screams: How the Sexual Revolution Created Identity Politics.

* داپیرێک هەڵگری تۆوی (سپێرم) کوڕەکەیەتی بۆ ئەوەی نەوەی ببێت..

* بڵاوبوونەوەی دیاردەی ئافرەتە سەڵتەکان، بەهۆی هەڵاتنی باوکان لە بەرپرسیارێتیی بەخێوکردنی منداڵەکانیان..

ئەوانەی باسمان کردن تێکچوونێکی تەواوی ناوەڕۆک و گەوهەری کۆمەڵگەیە.

لە ئەنجامی ئەو لێکترازانەدا، یەکێک لە کۆمپانیا یابانییەکان ئەو هەڵەی قۆستەوە و خزمەتگوزاریی پاککردنەوەی ماڵانی خستەڕوو، بەڵام چ جۆرە پاککردنەوەیەک؟! پاککردنەوەی ماڵان لە تەرم، بەهۆی لێکترازانی خێزانی و نەبوونی خزم و کەسوکارەوە! بەڕاستی تەنیاییەکی بکوژ و وێرانکەرە.[١]

[1] Clean-up crews called in to Japanese 'lonely death' homes | Daily Mail Online https:// shorturl.at/hnY06

فێتیشیزم (fetishism)

شۆڕشی سێکسی کاری کردە سەر حەز و ئارەزووی خەڵک و تێڕوانینی گۆڕین. لەبری کۆنترۆڵکردنی حەز و ئارەزوو و ڕێکخستنی هەوەسبازیان، بەپێچەوانەوە ڕووی کردە هەرچی لادان و ڕەفتاری نائاساییە. لە دەرئەنجامدا کۆمەڵەی نامۆ و ناپەسەند، بەدەر لە چێژی سێکسی بەدەرکەوتن.

کۆمەڵێک پەیدابوون حەزیان لە سێکسکردن بوو لەگەڵ ئاژەڵان، کۆمەڵێکی تر دەرکەوتن هانی خەڵکیان دەدا بۆ سێکسکردن لەگەڵ مردوان، هەندێکی تر بانگەشەی سێکسی بە ئازاریان دەکرد، تەنانەت تا ڕادەی مردن ئازاری خۆیان؛ یان بەرانبەریان دەدا، هەروەک چۆن ئەکتەری ئەمریکی (دەیڤد کارادین) بەئازارەوە خۆی خنکاند، هەروەها تەرمی (ئێلین ئۆهارای)ی ئیرلەندی لە چیاکانی دوبلین دۆزرایەوە و دواتر پۆلیس گەیشتە ئەنجامی ئەوەی ناوبراو خۆی لە کاتی سێکسکردندا داوای لە هاوڕێکەی کردووە بە چەقۆ لێی بدات، چونکە چێژی سێکسیی زیاتری لێ وەردەگرێت.[١]

---

[1] Depraved architect jailed for murdering a woman for sexual gratification describes crime as 50 shades of Graham' in extraordinary letters to female pen pal https://shorturl.at/aEFOV.

ئەوە بەرەڵایی و لادانێکە لەدەست دەرچووە و ناتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت، ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندایە، ئەمەیش بەرهەمی شۆڕشی سێکسی.[1]

---

[1] چەند جۆرە لادانێکی سێکسی هەن، وەک: (فێتیشیزم): تێیدا پیاو حەز و ئارەزووی بۆ کەلوپەلی ئافرەتان هەیە، بە گۆرەوی و پێڵاو و جلی ژێرەوە و چەندین شتی تری ئافرەتان دەورووژێت. (سادیزم): لادانێکی سێکسییە، بریتییە لە چێژوەرگرتن لە ئازاردان و سووکایەتیپێکردن و شکاندنی جەستەیی و دەروونی و سێکسیی کەسانی دیکە، ڕێژەی چێژ وەرگرتنەکەیش بەند دەبێت لەسەر ئاستی ئازارچەشتنی کەسە قوربانییەکە. (مازۆشی یاخود مازۆخیزم): پێچەوانەی سادیزمە، تێیدا کەسەکە هەست بە چێژی سێکسی دەکات کاتێک دەخرێتە ژێر ئازاری جەستەییەوە و سوکایەتیی پێ دەکرێت.

سێکس لەگەڵ منداڵان

(ڕێگان ڕاڵف) بەرپرسی بەشی ئافرەتان لە ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ (Human Rights Watch) دەڵێت: "مەبەست لە کاری قاچاخچێتی و بازرگانیکردن بە منداڵان (Sex Trafficking)، تێرکردنی حەزە سێکسییەکانی گەشتیارانی ڕۆژئاواییە".

هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ناتوانرێت ژمارەی ئەو منداڵانەی دەڕفێنرێن و بەقاچاخ دەبرێن، لەم کارە نایاساییەدا دیاری بکرێت، بەڵام بەنزیکەیی لە نێوان سەدان هەزار بۆ ملیۆنان قوربانیدایە لە ساڵێکدا. لەناویشیاندا تەنیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزار منداڵ و ئافرەت بەقاچاغ دەبردرێن.[١]

تەنانەت منداڵانیش لە شۆڕشی سێکسی ڕزگاریان نەبووە و دەستدرێژی کرایە سەر پاکییان، پۆلیسی ئەمریکی لە ساڵی (٢٠٠٦ز) تۆڕێکی (٤٠) کەسییان دەستگیر کرد، کە نزیکەی (٣٦،٠٠٠) سی و شەش هەزار ڤیدیۆ و وێنەی ڕووت و سێکسییان

---

(1) Regan E. Ralph, Oppose the Trafficking of Women and Children

بەسەر منداڵاندا دابەش کردبوو.[1]

لە هەمان ساڵدا نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی (FBI) توانیی کۆنترۆڵی یەکێک لە گەورەترینماڵپەڕە سێکسییەکان بکات، کە تایبەت بوو بە بڵاوکردنەوەی گرتەی سێکسیی منداڵان، تێیدا (٢١٥،٠٠٠) دوو سەد و پانزە هەزار گرتەی تۆمارکراوی سێکسیی منداڵان دەستیانبەسەردا گیرا؛ هەروەها دەستگیرا بەسەر (٢٣،٠٠٠) بیست و سێ هەزار گرتەی بڵاوکراوەی سێکسیی منداڵاندا.

ئەوەی ڕاستی بێت هیچ بەشێکی جەستەی منداڵان ورووژێنەر نییە و سەرنجت ڕاناکێشێت، بەڵام ئیتر ئەوە هەوەسبازی و لادانی هەندێ کەسی دەروونەخۆشە، کە بەو کارە هەڵدەستن.

[1] FBI ran website sharing thousands of child porn images https://shorturl.at/gqsTV

نەهامەتیی لەشفرۆشەکان

لەشفرۆشەکان بەدەست ئازاری دەروونی و خەم و خەفەتەوە دەناڵێنن، لە دەرئەنجامی ئەو ئازارە جەستەییەدا، کە لە کاتی سێکسکردن ڕووبەڕووی دەبنەوە؛ هەروەها بەهۆی ئەو دەستدرێژی و توندوتیژییەی دەکرێتە سەر جەستەیان، تووشی شڵەژانی دەروونی دێن، بەتایبەت شڵەژانی دوای حەپەسان (شڵەژانی دوای شۆکبوون).

ئەو شڵەژانەیش تەنیا یەکێکە لە کۆمەڵێکی گەورەی ئەو شڵەژان و نەخۆشییە دەروونییانەی، کە پێوەی دەناڵێنن. (٪٥٥) لەشفرۆشە ئەمریکییەکان باس لەوە دەکەن، کە لە منداڵییەوە دەستدرێژیی سێکسییان کراوەتە سەر و بەتەواوی لێی چاک نەبوونەتەوە.(١)

لە زۆرێک لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا توێژینەوەی ئەکادیمی لەسەر ئەم دیاردەیە کراوە و گەیشتوونەتە ئەو دەرئەنجامەی، کە بەهۆی ئەو پەستانە دەروونییەی دەکەوێتە سەریان، پەنا دەبەنە بەر خۆکوشتن بە ماددەی هۆشبەر.

یەکێک لە توێژینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات (٪١٠٠)

---

(1) Sexual Exploitation and prostituition and its impact on gender equality, European Parlimant, Policy Department, P. 15.

لەشفرۆشەکان لانیکەم جارێک هەوڵی خۆکوشتنیان داوە و هەندێکیشان چوار جار، واتە بە ڕێژەی (١ - ٤).[١]

ئەگەر لەشفرۆشەکان خۆیان نەکوژن، ئەوا شێوە کوشتنێکی خراپتر چاوەڕێیانە، ئەویش توندوتیژیی سێکسییە، بێگومان ئەمیش هۆکاری یەکەمی مردنە لەناو لەشفرۆشەکاندا.[٢]

---

(1) Suicide Attempts and Pattern Among the Beginners and Established Female Commercial Sex Workers https://shorturl.at/eHTY9

(2) Potterat, J, et al. (2004), « Mortality in a Long-term Open Cohort of Prostitute Women "American Journal of Epidemiology, Vol. 159, No. 8, 2004, pp.778-785 (p 783)

کۆتایی

لێکترازانی خێزانی، خۆکوشتن، لەدەست دەرچوون و سەرگەردانیی منداڵان، ناپاکیی هاوسەران، کارەسات لە دوای کارەسات؛ ماڵوێرانی لە دوای ماڵوێرانی، هەوەسبازی و حەزی بێسنووری لەدەست دەرچوو و کۆنترۆڵ نەکراو...

ئەوەیش مرۆڤ لە سایەی شۆڕشی سێکسیدا: تێرکردنی بێسنوور بۆ حەز و ئارەزووی بێسنوور، بێگومان ئەمەیش قەیرانێکی کەڵەکەبووی بێکۆتایە..

ئەوەی پێشوو دەرئەنجامی ئازادیی سێکسییە، کە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا بانگەشەیان بۆ کرد و تا ئێستایش بە تەواوی باجەکەی نەدراوەتەوە.

دەستدرێژیکردن بە مەبەستی چێژوەرگرتن، بڵاوکردنەوەی حەزی نامۆی سێکسی

(یەکەم جار گوێم لە مافناسێک بوو وتی: (فیلمە پۆڕنەکان جۆرێکی تری لەشفرۆشین)، ئیدی ئەو بیرۆکەیە هزری ڕۆشن کردمەوە و لە خۆمم پرسی ئاخۆ لە سەرەتادا چۆن جیاوازییان لە نێوان ئەم دوانەدا کردووە؟)

زانای دەروونناسی ئەمریکی، (مێلیسا فارلی).[1]

بیهێنە بەرچاوت، کچێکی بێچارە هێنراوەتە بەردەم کامێرا، زۆر بەتوندی سێکسی لەگەڵ دەکەن و لێی دەدەن و هەناسەبڕی دەکەن، تا دەست دەکات بە گریان؛ پاشان بۆ ئەوەی دڵنیابێتەوە پێی دەڵێن: "ئەو ئازار و گریانەت ئاساییە و کچانی پێش تۆیش بە هەمان شێوە لەتاو زۆریی ئێش و ئازاردا گریاون". بێگومان ئەوە ئاسایی نییە، چۆن ئاساییە کچێک زۆر بەتوندی لێی بدرێت و هەناسەبڕ بکرێت، پڕ بەدەمی و بە هەموو هێزێکی هاوار بکات: ئەو کامێرایە دابخەن، بەڵام کەس بە گوێی نەکات؟!!

لە سەرەتادا وا هەست دەکەیت لە بەرانبەر دیمەنی فیلمێکی ترسناکدایت، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت ئەوە دیمەنێکی سێکسییە،

---

(1) Melinda Tankard & Abigal Bray, Big Porn Inc: Exposing the Harms of the Global Pornographic Industry, (Australia: Spinifex, 2011).

یەکێک لە کاراکتەرەکانی ئەو بوارە قێزەونە ڕۆڵی تێدا دەبینێت.[١]

» باشە مەبەست لەم کارە چییە؟

» بێگومان وروژاندنی سێکسییە!

بەڵام پرسیارە سەرەکییەکە لێرەدا ئەوەیە، کە ئاخۆ چ چێژێک لە ئازاردان و دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەتێک دەبینرێت، لە بەردەم کامێرادا؟!

گەر لە بەردەم کامێرادا بەم شێوەیە ئازاری ئەو ئافرەتە بدرێت، ئەی لە پشت کامێرادا چی دەگوزەرێت؟!

ئەی باشە ئەو شتە شاراوانەی پشت بازرگانیی سێکسی چین کە خەڵکی نایانزانن؟! هەروەها چ بەرنامە و ئاراستەیەکی[٢] ڕێکخراویان هەیە بۆ کارکردن لەسەر سروشت و عەقڵی جەماوەر؟!

بەڵام پێش ئەوە..

ڕەنگە پێویستمان بە چوارچێوەیەکی فراوانتر هەبێت بۆ وێنەکە..

با کەمێک بگەڕێینەوە بۆ دواوە..

(1) Martin Amis reports from the high-risk, increasingly violent world of the pornography industry https://shorturl.at/pRTV5

(2) https://shorturl.at/gop17 (رحلتي الفكرية) وتەکانی المسيري لە بیرەوەرییەکانی و لەم وتارە وەرگیراوە

بێ ئارەزوویی چییە؟

دکتۆر (عبدالوهاب المسيري) کاتێک باسی بەرەڵایی سێکسیی ڕۆژئاواییەکان دەکات دەڵێت: "شتگەلێک هەن دەبێت لە گۆشەنیگای مەعەریفییەوە سەیر بکرێن، ئەگینا حەقیقەتەکەیان دەرناکەوێت. بێگومان ئەمەیش لەسەر جیهانی سێکسیی ڕۆژئاوایی دەچەسپێت". ناوبراو لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە لە هزری هەریەک لە ئێمەدا سێکس وەک هێزێکی ماددی وێناکراوە، هەرکاتێک ئەو هێزە بە شێوەیەکی سرووشتی بەتاڵ کرایەوە، ئەوا تاکێکی مەند و هاوسەنگمان دەبێت، پێچەوانەوەکەیشی هەر ڕاستە؛ واتە کپکردنی هەستی سێکسی دەبێتە هێزێکی ڕووخێنەر، ئارامی کۆمەڵگە و خێزان دەشێوێنێت، هەر بۆیە شتێکی ئاساییە، کە ڕۆژهەڵاتییەکان سەرقاڵی سێکس بن و ڕۆژئاواییەکانیش بە پێویستی نەزانن بەتایبەت لە سایەی کرانەوەی سێکسی و بوونی ئازادیی ڕەهای سێکسیدا. ئەوەیش لە سەرەتادا وەک هاوکێشەیەکی سادە و گونجاو خۆی نیشان دەدات، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت ئەم هاوکێشەیە زۆر ئاڵۆزترە، چونکە ژیانی ڕاستەقینەی ڕۆژئاوا و بوونی ئەو قەبارە گەورەیەی بەرهەمی سێکسی و زۆری حاڵەتەکانی دەستدرێژیی سێکسی و گێچەڵی سێکسی، هەرگیز لەگەڵ ئەو تێڕوانینەی پێشوو

یەکناگرێتەوە. ئا لێرەدا ڕەهەندە مەعریفییەکە خۆی مەڵاس داوە، ئەوانەی تێڕوانینێکی ماددییان هەیە بۆ سێکس و وەک ماددە سەیری مرۆڤ دەکەن و پێیانوایە جەستەی مرۆڤ پێکهاتووە لە کۆمەڵێک ڕژێن و ماسوولکە، بۆ ئەوە دروستکراوە، تا بەکاربهێنرێت و نەمێنێت و سێکسیش بەشێکە لەم بەکارهێنان و بەکاربردنە؛ هەروەها پێیانوایە سێکس وەک خواردن وایە، هەرکاتێک و لە هەر شوێنێک ویستیان و ئارەزوویان لێبوو، دەتوانن بێگوێدانە تایبەتمەندی، بێشەرمانە ئەنجامی بدەن. بێگومان ئەمەیش بۆ ئەوەیە، تا ئامانجی بوونی مرۆڤ تەنیا لە حەز و ئارەزوو و پاڵنەرەکانی کورت بکەنەوە، لە لایەکی تریشەوە دەیانەوێت ئەم هەڵسوکەوتەیان بکەنە کارێکی ئاسایی و باو لەناو کۆمەڵگەدا.

هەروەها (المسيري) لە ڕاڤەی ئەو لێدوانەی پێشوویدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە حەزە سێکسییەکان لە دەست دەرچوون و کۆنترۆڵ ناکرێن، لەبری ئەوەی مرۆڤ ئازاد بکات، کردوویەتی بە کۆیلە. سێکس بە جۆرێک لە کۆمەڵگەی ئەمریکیدا بڵاوبووەتەوە، کە پێشتر بوونی نەبووە. هەر بۆیە دەبێت سەرنجمان بخەینە سەر پەیوەندیی نێوان بەرەڵایی و شیکردنەوە، نەک پەیوەندیی نێوان بەرەڵایی و سێکس، چونکە لە سەردەمی ئێستادا هەندێ لە کار و بەرهەمە سێکسییەکان وەک ماددە و شتی تاقیکاریی نیمچەسەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ جەستەدا دەکەن، نەک وەک شتێکی سەرنجڕاکێش و هەستبزوێن.

لێرەدا ئامانج لە سێکس تێرکردنی حەز و ئارەزوو نییە، بەڵکو لای ئەوان مرۆڤ بریتییە لە جەستە، ئەو جەستەیەیش پێویستە شی بکرێتەوە بۆ ماددە و بەکاربهێنرێت. کەواتە سەرەتای ڕووتکردنەوەکە بە داماڵینی جەستە لە جل دەست پێ دەکات، پاشان دەگۆڕێت بۆ داماڵینی مرۆڤ لە پێکهاتە مرۆڤایەتییەکەی و بەها و ئاکارەکانی، بەمەیش سێکس دەبێتە چالاکییەکی بایۆلۆژیی بەدەر لە بەها و ئاکار.

جا مەترسییەکە لێرەدا خۆی مەڵاسداوە..

سەرەتای لێکترازان،
کەی بەرەڵایی سێکسی دەستی پێ کرد؟

(بەرهەمهێنانی فیلمە سێکسییەکان شیاوی هەڵوەستەلەسەرکردن و گەنگەشەکردنن، چونکە دووبارە دەمانگێڕێتەوە ناو دیمەنی رۆشنبیریی خۆمان).

(چالاکوانی ئەمریکی شیرا تارانت، دکتۆرا لە زانستە سیاسییەکان).[1]

ساڵی (١٨٩٦ز) بە ساڵی دەستپێک و دەرچوونی فیلمی پۆڕن دادەنرێت لەسەر دەستی هەریەک لە (یوجین بیرۆ و ئەلبێرت کیرشنەر)ی فەڕەنسی، سەرەتا کورتە فیلمی نیمچەڕووت بوو. دواتر گەشەی سەند بۆ ئەو شێوەی ئێستا لە ساڵی (١٩٠٨ز) لەسەر دەستی فەڕەنسییەکان.[2]

دوای دوو ساڵ بەرهەمی ئەڵمانییش پەیدا بوو، پاشان دوای نیو سەدە نمایشگای سێکسی بڵاوبووەوە و رووی لە زیادبوون کرد، تا وای لێ هات لە ساڵی (١٩٧٠ز) بەتەنیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ژمارەیان گەیشتە (٧٥٠) نمایشگا و هەفتانە نزیکەی (٥٠٠٠) بینەریان هەبوو.[3]

---

(1) Shira Tarrant, The Pornography Industry: What Everyone Needs To Know, (NY: Oxford University Press, 2016), P. 1.
(2) Shira Industry
(3) Hard-core<< grows fashionable___ and very profitable ←

لە ماوە نێوان ساڵانی (١٩٨٨ز - ٢٠٠٥ز)، کە دەکاتە کەمتر لە بیست ساڵ، ژمارەی فیلمە پۆڕنەکان دە هێندە زیادیان کرد و بوارەکە فراوانتر بوو و چەندین گۆڤاری سێکسی دەرچوون. لە ساڵی (١٩٥٣ز تا ساڵی ١٩٧٩ز) سێ گۆڤاری بەناوبانگی پۆڕن لە بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەرچوون، تا ئێستایش پڕفرۆشترینی گۆڤارەکانن و پێشەنگییان بۆ خۆیان گرتووە.[(١)]

کەواتە تەنیا قازانج و دەستکەوتی ماددییان گەرەکە، نەک هیچی تر.[(٢)]

قازانجی ساڵی (٢٠١٥ز) گەیشتە (١٢) ملیار دۆلار، ئەمەیش دەرخەری ئەو ڕاستییەی پێشووە، کە تەنیا قازانج و هیچی تر. لە ساڵی (٢٠١١ز) مووچەی ساڵانەی (مارک بێڵ)ی بەڕێوەبەری یەکێک لە ماڵپەڕە پۆڕنەکان بوو بە ((٨٠٠ هەزار دۆلار، ئەمەیش لە کاتێکدا بوو، کە لە هەسارەیەکی (٥,٧) ملیار کەسی، ژمارەی بینینی ڤیدیۆکانی ماڵپەڕێکی پۆڕن گەیشتە (٩٢) ملیار بینین![(٣)]

تا دیمەنە سێکسییەکان نامۆتر و قێزەونتر بوونایە، ئەوا سەرنجڕاکێشتر و پڕفرۆشتر دەبوون لای بینەری فلیمە پۆڕنەکان، ئەمەیش ڕاستییەکی جێگیرە لەم بوارەدا. بڕوانن فیلمە پۆڕنەکان

---

(1) https://shorturl.at/dgHP6
Caroline Heldman and Lisa Wade, "A Call for a Twenty-First Century 'Sex Wars,'« (paper presented at the annual meeting of the Western Political Science Association, Los Angeles, March 28, 2013), 6.

(2) Shira Industry, p. 20.

(3) Shira Industry, p. 43.

چۆن کاریان کردووەتە سەر پێوەری جوانی و حەز و ئارەزووی خەڵکی، بەتایبەت پیاوان!

بڵاوکردنەوەی ڤیزەونی

زانکۆی کارنیگی میلۆنی ئەمریکی (Carnegie Mellon university) لە توێژینەوەیەکیدا گەیشتە ئەم ئەنجامە: نزیکەی لە سەدا پەنجای (٥٠%) بینەرانی ماڵپەڕە پۆڕنەکان، ڤیدیۆی نامۆی سێکسی دادەبەزێنن، وەک: سێکسکردن لەگەڵ ئاژەڵان و سێکسی مەحرەم و سێکسکردن لەگەڵ منداڵان، لە کاتێکدا تەنیا لە سەدا پێنجیان (٥%) ڤیدیۆی سێکسی ئاسایی دادەبەزێنن، واتە سێکسی پیاوێک و ئافرەتێک.[١]

ئایا دەتوانین ئەو هەموو حەزە نامۆیە بهێنینە بەرچاومان، پاشان وێنای ئەو کاریگەرییە زۆرە بکەین لەسەر هزر و هۆش و ئارەزووی تاکەکانی کۆمەڵگە؟!

· وەڵامی ئەمە لای (پاتریک ترومان)ی بەڕێوەبەری سەنتەری نیشتمانی بەرخۆری سێکسییە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەمەریکا. ناوبراو دەڵێت: "کاتێک ئافرەتان لە سەر شاشە دەکرێنە کاڵا و شکۆیان دەشکێنرێت و هیچ ڕێزێکیان بۆ ناهێڵرێتەوە، ئەوا کۆمەڵێک

[1] The History of Pornography No More Prudish Than the Present https://shorturl.at/ ikMQ9

زیان و کاریگەریی خراپ لە دوای خۆی جێدەهێڵێت، وەکو نەهێشتنی هەستی پیاو بەرانبەر ئازارەکانی ئافرەت". [1]

بە ڕای ترومان، نەمانی ئەو هەستە بەرانبەر ئافرەت، خودی تێڕوانینی پیاو دەگۆڕێت بەرانبەر ئافرەت، کە تەنیا وەک ئامرازێکی سێکسی سەیری دەکات، بەبێ گوێدانە باری دەروونیی ئافرەتەکە بەر لە کرداری سێکسی و لە کاتی ئەنجامدانی سێکس، چونکە ئافرەت لای پیاوەکە تەنیا ئامرازێکی بێهەست و گیانە و حەزە سێکسییەکانی خۆی تێدا بەتاڵ دەکاتەوە. [2]

---

(1) Shira Industry, p. 100.
(2) Shira Industry, p. 126.

گیانێکی ماندوو و جەستەیەکی مردوو

ڕەنگە مرۆڤ لایەنی ڕۆحی بۆ حەزەکانی لە دەست بدات، هەروەها لەپێناو ئارەزووەکانیشی پرەنسیپەکانی بدۆڕێنێت، ئەی چی دەربارەی کەسێک، کە هەردووکیانی دۆڕاندبێت؟!

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە پەنا دەبەینە بەر توێژینەوەیەکی هاوبەش، کە لە لایەن سێ دەزگای تەندروستییەوە ئەنجامدراوە و تێیدا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی لە سەدا بیست و هەشتی (٢٨%) ئەکتەری فیلمە پۆڕنەکان بە ژن و پیاوەوە تووشی نەخۆشیی (Chlamydia)، یان (Gonorrhea)، یاخود توشی هەردوو نەخۆشییەکە هاتوون.

لە لایەکی ترەوە توێژینەوەیەکی تر سەلماندوویەنی ئەو ژن و پیاوانەی، کە لە بواری پۆڕن کار دەکەن، ئەگەری توشبوونیان بە نەخۆشیی (Chlamydia) بە ڕێژەی (٣٤) جار زیاترە لە کەسی ئاسایی؛ هەروەها بە ڕێژەی (٦٤) جار زیاتر تووشی نەخۆشیی (Gonorrhea) دەبن.[١]

مەترسییە ڕاستەقینەکە لێرەدایە، کە بینەری فیلمە پۆڕنەکان وا هەست دەکات ئەم دیمەنانە تەندروست و ئاساییین، بۆیە لاساییان دەکاتەوە، جا بۆیە ئەگەری تووشبوونی بینەرانی فیلمە پۆڕنەکانیش

---

(1) Ibid.

بەم نەخۆشییە، بۆ ژمارەی پێشوو زیاد دەبێت.

بینەرانی فیلمە پۆڕنەکان واز لەو جەستە مردووە و گیانە سەرگەردان و ماندووەی خۆیان ناهێنن، بەڵکو جەستەیان دەخزێننە ناو جیهانی نەخۆشییەکانیان، دەمێک عەقڵ و هزریان دەشێوێنن بە هەڵسوکەوتە ناتاساییی و نامۆکانیان، تاوێکی تر جەستەیان وێران دەکەن بە لاسایی کردنەوەیان.

بەڵام ئەگەر کارەکە وا مەترسیدار و زیانبەخشە، ئەی بۆچی تا ئێستا بەردەوامە، پاڵنەرەکانی بەردەوامیی ئەم کارە چین؟!

ناچارکردنێکی شاراوە

(شارۆن ئەبۆت)ی توێژەر، تیشک دەخاتە سەر پێنج هۆکاری سەرەکی، کە کچان پەلکێش دەکەن بۆ ناو جیهانی پۆڕن و ڕۆڵبینین تێیدا، ئەوانیش: (پارە، ناوبانگ و سەرکەوتن، ئازادی و سەربەخۆیی، پلەوپایەی کۆمەڵایەتی، سێکسکردن بەبەردەوامی).[١]

لە ڕاپرسییەکدا، کە لەسەر (١٧٦) ئەکتەری پۆڕن ئەنجامدرا بوو، تێیدا دەرکەوت هۆکاری سەرەکیی چوونە ناو ئەم بوارە، پارە بووە.[٢] ئەمەیش ڕێک هەمان دەرئەنجامە، کە پسپۆڕی دەروونناسی ئەمریکی (میلسا فارلی) پێیگەیشت. ناوبراو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: ئەوانەی، کە دەچنە ناو جیهانی پۆڕن و ئەوانەیشی دەبنە لەشفرۆش، هەمان پاڵنەریان هەیە و بە هەمان هۆکار دەخزێنرێنە ناو ئەم بوارەوە. هۆکارەکانیش بریتین لە: هەژاری و نەداری، نەبوونی هەلی کار، نەخوێندەواری، بەسووک سەیرکردنی کۆمەڵگە، فریودانی کچان لە لایەن خاوەنکارەکان؛ گێچەڵی سێکسی لە سەردەمی منداڵیدا.[٣]

ئەم جۆرە زۆرلێکردن و ناچارکردنە بەو جۆرە نییە، کە بیری لێ دەکەینەوە، نە چەکیان خستۆتە سەری، نە چەقۆیشیان لەسەر

(1) Ronald Weitzer, Sex For Sale: Porstitution, Pornography and the Sex Industry, (NY: Routledge, 2010), P., 50 - 57.
(2) Why Become a Pornography Actress? https://shorturl.at/BVY05
(3) Melinda Tankard, Big Porn Inc., P. 130.

گەردنی داناوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە خۆی لە ڕووکار و ڕووخسارێکی جوان و ئەفسووناوی و سەرنجڕاکێشدا نیشان دەدات؛ دونیایەک سندووقی پڕ لە زێڕ و گەوهەری هەڵگرتووە بۆ کچان و وایان نیشان دەدات، کە ڕزگارکەری کچانە لە بێلانەیی و مردنی لەسەرخۆ و هێواش.

هەر بۆیە هەندێ لە ڕێکخراوە ئازادیخوازەکان پێیانوایە کارکردن لە فیلمە پۆڕنەکان تاکە چارەسەر بۆ ئەوانەی، کە هیچ پەناگەیەکیان نییە، تاکە هەڵبژاردەیە بۆ ئەوانەی هیچ هەڵبژاردەکیان نییە و دەکرێت وەک جێگرەوەی دەستدرێژیکردنە سەر کچان سەیر بکرێت.(١)

یەکێک لەوانەی، کە لەم بوارەدا کار دەکات (لوک فۆرد)ە، ناوبراو نووسەری چیرۆکە پۆڕنەکانە و بەبێ سانسۆر تیشک دەخاتە سەر ئەوەی، کە زۆرینەی ئەو کچانەی بەشداریی فیلمە پۆڕنەکان دەکەن دوای تۆمارکردنی یەکەم ڤیدیۆی سێکسی دەست لە کار دەکێشنەوە و واز دەهێنن، چونکە ئەو ئەزموونە زۆر بەئازار و تۆقێنەر و شەرمەزارکەر و ڕیسواییە؛ بۆیە یەکسەر واز دەهێنن و دووبارەی ناکەنەوە.(٢)

ئا ئەوە بەکۆیلەکردنێکی تەواوە، هەموو پایەکانی بەکۆیلەکردنی تێدایە، بەتەنیا تۆمارکردنی ڤیدیۆییەک نییە، بەڵکو بازرگانیکردنە بە سێکس.

---

(1) Shira Industry, p.102.
(2) Big Porn p. 133.

لە لێکۆڵینەوەکانی پۆلیسی شاری لاس ڤێگاس لەگەڵ یەکێک لە دەلاڵەکانی بەکرێدانی ئافرەتان، کە کاری بۆ شەش نووسینگە و بنکەی بەکرێدانی ئافرەتان کردووە، دەرکەوتووە کاری ئەو نووسینگانە بەکرێدانی ئافرەت بووە بۆ کاری سێکسی لە هۆتێل و میوانخانەکان؛ هەروەها کڕیار و بەشداربووی تایبەتیان هەبووە و بەردەوام ئافرەتیان بۆ دابین کردوون.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، ساڵانە (٤) چوار ملیۆن کەس دەرفێنرێن و لە کاری سێکسیدا بەکاردەهێنرێن و ناچار بەم کارە قێزەونە دەکرێن. بێگومان فیلمە پۆڕنەکان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر ئەم کارە. هەر لەم سۆنگەیەوە چالاکوانی یاسایی (لۆرا لیدرەر) دەڵێت: "ناکرێت بڵێین فیلمە پۆڕنەکان دەبنە هۆی بازرگانی سێکسی، چونکە ئەوەی ڕاستی بێت خودی فیلمە پۆڕنەکان بازرگانی سێکسین".[١]

(ئەبیگال بڕای) توێژەر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەوانەی بەرپرسن لە بەرهەمهێنانی پۆڕن و مرۆڤ بەکاردەهێنن بۆ کاری سێکسی و پاشان بە بەکاربەری دەفرۆشنەوە لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە، ئەوانە وەک گەواد وان، بەڵام کارەکە ئەوەندە بەربڵاوبووە بۆیە ئەستەمە وەک گەواد سەیری بەرهەمهێنەرانی پۆڕن بکرێت؛ لە هەمان کاتیشدا زۆر ئەستەمە وەک لەشفرۆش سەیری ئەکتەرەکانی ئەو بوارە بکرێت. ئیدی بەم جۆرە گەوادیان بە بازرگان و

[1] (1) Miami Herald https://shorturl.at/eSTWZ .

بەرهەمهێنەر ناساند و لەشفرۆشیشیان کرد بە ئەکتەر.[١]

ئەم بازرگانیکردنە بە مرۆڤ وەک هەر بازرگانییەکی تری بەکۆیلەکردن، بەردەوام کرێکاری هەرزان و دەستی کاری هەرزان بە ئامانج دەگرێت و دەیکاتە یەکەم نێچیری خۆی.

ڕۆژنامەی (The Economist)ی بەریتانی لە یەکێک لە ڕاپۆرتەکانیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە زۆربەی بەرهەمهێنەرانی پۆڕنی ڕۆژئاوایی، بەگوێرەی توانا ئەکتەرانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بەکاردەهێنن، چونکە هەرزانن و کرێیان کەمترە و لە هەمان کاتیشدا چالاکترن.[٢]

یەکێک لەو ئافرەتانەی، کە پێشتر لە بواری پۆڕندا کاری کردووە، باس لەوە دەکات فێڵی لێ کراوە لە لایەن بەرپرسانی بەرهەمهێنانەوە؛ هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هەر کچێک فێڵەکانیان ئاشکرا بکات و ڕێگری لە بەکارهێنانی بکات وەک کاڵایەکی سێکسی، ئەوا تۆمەتی بۆ هەڵدەبەستن و بەزۆر لەشفرۆشیی پێ دەکەن. ناوبراو لەمیانەی وتەکانیدا تیشک دەخاتە سەر ئەوەی، کە زۆرینەی ئەوانەی لەم بوارەدا کار دەکەن، بەدەست چەندین نەخۆشیی دەروونییەوە دەناڵێنن، دیارترینیان خەمۆکییەکی توندە؛ لە هەمان کاتیشدا بۆ ڕاکردن لەم ژیانە تاڵە، کە تێیدا دەژین، هەندێکیان پەنا دەبەنە بەر خۆکوشتن.

(1) Big Porn p.136.
(2) Giving the customer what he wants | The Economist https://shorturl.at/lsz25

ناوبراو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە زۆرێک لەو ئافرەتانەی لە بواری پۆرِندا کاردەکەن، ناتوانن بەڕاشکاوی و بەئاشکرا باس لە خراپی و ناخۆشی و نەهامەتیی ئەو بوارە بکەن، چونکە ترسێنراون و بەردەوام هەڕەشەی ئازاردانی جەستەیی و ئابڕووبردن و ناوزڕاندنیان لێ دەکرێت. ئیدی بەم جۆرە فیلمە پۆڕنەکان ڕووی ناشیرینی سەرمایەداری لە بەکارهێنەرانی دەشارێتەوە. ئا ئەمە نموونەیەکی ڕاستەقینەی مرۆڤی داروینییە، کە خۆی لە شتێکی بێگیاندا دەبینێتەوە..

حەزێکی بێ خۆشەویستی، پاشان بەردەوامی لە بەکارهێنانی ئەو حەزە، تا دەبێتە ئامرازێکی بێبەها.

ئەوە جیهانێکی تاریکە، تێیدا مرۆڤ دادەبەزێتە ئاستێکی نزمتر لە ئاستی ئاژەڵان، دەبێتە بێگیان و بێڕۆح، دەبێتە شت؛ دەبێتە ئامرازێکی بێ ویست. هیچ دەسەڵاتێکی نییە، تەنیا ئەو ئەرکە جێبەجێ دەکات، کە لە پشت کامێراوە فەرمانی پێ دەکرێت!

منداڵ لە فیلمە پۆڕنەکاندا
ڕۆژئاوا چۆن سنووری منداڵی دەبەزێنێت؟

» ئێستایش هەست بە نەرمی و خۆشیی کورسییەکانی هۆڵی سەمای بالێ دەکەم، کە بە چەرم ڕووپۆش کرابوون، ئەمەیش دوای چەندین ساڵ لە ڕفاندنی (١٣٢) منداڵ و دوورخستنەوەیان لە خێزانەکانیان، کە زۆربەیان تەمەنیان لە خوار هەشت ساڵان بوو؛ دوای ئەوەی سواری پاسێک کران و گوازرانەوە بۆ ژێرزەمینی ماڵێک لە گوند، کە (٦٠) میل لە شەقامی گشتییەوە دوور بوو. ئیدی بەم جۆرە گەورەترین تۆڕی منداڵان لە ویلایەتی پەنسلڤانیای ئەمریکا بۆ بەرهەمهێنانی پۆڕن بنیادنرا، ئیتر ئەوانە بوون بە زەخیرەیەکی لە بن نەهاتووی ئەکتەران بۆ ڕۆڵبینین لە فیلمە پۆڕنەکاندا.

(لاری) پێی دەوتین ئەکتەری کوڕ و کچ، تەنیا بۆ ئەوەی من بخەڵەتێنێت، تا هاوکاریی بکەم لە هەڵخەڵەتاندنی منداڵان و ڕاکێشانی سەرنجی نێچیرەکانی، ئەوکات تەمەنم تەنیا هەشت ساڵان بوو؛ بەوە منداڵانم هەڵدەخەڵەتاند، کە دەتوانن ببنە ئەستێرەیەکی جیهانی.

ئەو پێشەکییە نامۆیە هی پەرتووکی (سەرینە قێزەونەکە: بیرەوەرییە ڕاستەقینەکانی هەڵاتنم لە تۆڕی سێکسیی منداڵان)ی (بین ئاشلاند)ی ئەمریکییە.

ناوبراو دوای ئەم پێشەکییە دەست بە گێڕانەوەی سەربوردە تراژیدییەکەی دەکات، دوای ڕفاندنی لە تەمەنی هەشت ساڵاندا لە لایەن (لاری) و دەستبەسەرکردنی لەگەڵ دمیان منداڵی تری ڕفێنراو لە ژێرزەمینێکی نامرۆڤانەدا، پاشان بە چەندین شێوازی جیاواز نزیکەی (٧٥٠٠) حەوت هەزار و پێنج سەد کاتژمێر ڤیدیۆی سێکسیی بەو منداڵانە تۆمار کردووە، کە هێشتا دەنگیان گڕ نەبووە و موویان لێ نەهاتووە.

ئەو حەوت هەزار کاتژمێرە، تەنیا هی یەک تۆڕە، کە لە دوای ساڵی (١٩٩٠) لە لایەن یەک کەس دامەزرێنرا و پاشان ئەو دیاردەیە ڕووی لە زیادبوون کرد، بەڵام لە لایەن ڕاگەیاندنەوە پەردەپۆش کرا و شاردرایەوە.

تەنانەت هەندێ لە دەزگا گەورەکانی ڕاگەیاندنی وەکو (نیویۆرک تایمز) و (ئەی بی سی). زۆر بەدەگمەن باسی ئەو پرسانە دەکەن، کاتێکیش لە هەواڵەکان و ڕاپۆرتەکانیاندا باسی دەکەن زۆری لێ دەبڕن و دەیسڕنەوە!

ئایا قەبارەی ئەو تۆڕانە چەندە؟

ئەی ئەنجام و دەرئەنجامی سێکسی منداڵان چین؟

زۆر مەترسیدارە

لە ساڵی (٢٠٠٢ز) ئابڕووچوونێکی گەورە دەنگی دایەوە، ئەوکات بە (Spotlight) ناسرا، ئەو ئابڕووچوونە بریتی بوو لە دەستدرێژیی قەشەی کڵێسای ڕۆمانیی کاسۆلیکی بۆ سەر نەوجەوانان؛ سەرەتاکەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو[١]، تێیدا دەیان قەشە دەستدرێژیی سێکسییان کردە سەر منداڵان. کارەکە لێرەدا نەوەستا، بەڵکو وڵاتانی تریشی گرتەوە، بۆ نموونە: لە ئوسترالیا لە لایەن قەشەکانەوە دەستدرێژیی سێکسی کرایە سەر (٤٠٤٤) چوار هەزار و چل و چوار منداڵ.[٢]

تەنیا لە هۆڵەندا (١٧٩٥) هەزار و حەوت سەد و نەوەد و پێنج سکاڵا لەسەر دەستدرێژیی سێکسی لە کڵێساکان ئاراستەی لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە کرا، تێیدا (٨٠٠) هەشت سەد قەشە تۆمەتیان لەسەر ساغ بووەوە، سەرەڕای ئەوەی وڵاتانی وەک ئێرلەندا و نەمسا و ئیسپانیا و سویسرا بێبەش نەبوون لە دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان. بەڵام ئەم پرسە بۆ چەندین ساڵ شاردرایەوە و بەنهێنی مایەوە، هەر ئەو پەردەپۆشکردنەیشە وای لە ئێمە کرد بپرسین، کە: ئاخۆ قەبارەی ئەو دەستدرێژیکردنە چەند بێت بۆ سەر منداڵان؟

---

[1] Timeline: A look at the Catholic Church's sex abuse scandals https://shorturl.at/ eNPY1.

[٢] سەرچاوەی پێشوو.

یەکێک لە بینەرانی پۆڕنی منداڵان بەناوی خوازراوی (باوکی رۆحی)، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ژمارەیەکی ئێجگار کەم لە دەستدرێژیکەرانی سەر منداڵان دەستگیر دەکرێن و دەخرێنە زیندانەوە، لە کاتێکدا هەزاران ئەندامی چالاکیان هەیە لەسەر ماڵپەڕە سێکسییەکانی تایبەت بە منداڵان و ملیۆنان هەوادارییان هەیە، کە حەز بە سێکسی منداڵان دەکەن. لەگەڵ ئەوەیشدا کاتێک تەنیا دوو کەس دەستگیر دەکرێن، ڕاگەیاندن کارەکە گەورە دەکات وەک ئەوە وایە، کە سەرۆکی مافیایان دەستگیر کردبێت.[١]

ئەو گەواهییە بەڵگەیەکی ئاشکرایە لەسەر کەمی ئامارەکان دەربارەی دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان، هەرچەندە بەدواداچوون بۆ شتی نایاسایی زۆر قورسە، بەڵام بوونی ئەو قەبارە گەورەیەی بەرهەمی پۆڕنی منداڵان زۆر مەترسیدارە، ئەگەر بەتەنیا سەیری یەک تۆڕی چل کەسی بکەین، کە لە ساڵی (٢٠١٦ز) دەستگیرکران؛ بینرا کە بەرهەمهێنەری (٣٦٠٠٠) سی و شەش هەزار گرتەی سێکسیی منداڵان بوون![٢]

لە لایەکی دیکەوە نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵیی ئەمریکی (FBI) دەستی بەسەر ماڵپەڕێکدا گرت نزیکەی (٢١٥٠٠٠) دوو سەد و پانزە هەزار گرتەی تۆمارکراوی پۆڕنی تێدا

---

(1) Philip Jenkins, Beyond Tolerance: Child Pornography on the Internet.
(2) Man busted with 36K explicit videos admits distributing child porn https://shorturl. at/jmpqY.

بوو، (٢٣٠٠٠) بیست و سێ هەزاری پۆڕنی منداڵان بوو![1]

با سەرنجی وڵاتێکی تر بدەین، ئەویش نەرویجە، کاتێک پۆلیسی ئەو وڵاتە ئۆپەراسیۆنی ژووری تاریکی Dark Room ڕاگەیاند، تێیدا گەورەترین تۆڕی نێودەوڵەتیی تایبەت بە پۆڕنی منداڵانی دۆزییەوە و دەستی بەسەر گەورەترین بڕی وێنە و ڤیدیۆی پۆڕنی منداڵاندا گرت؛ نزیکەی (١٥٠) تێرابایت بوو، واتە (١٥٠٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار گێگا بایت لە ڤیدیۆ و وێنەی پۆڕنی منداڵان![2]

بیرت لەم ژمارە زەبەلاحە کردووەتەوە! ئەو ماڵپەڕە تەنیا پەنجا کەس بەڕێوەی دەبەن!

بەڵام ئەوەی جێی تێڕامانە ئەوانەی سەرپەرشتیی ئەو ماڵپەڕە دەکەن کەسی بەناو ڕۆشنبیر و خوێندەوارن، نەک نەدار و نەخوێندەوار.. سیاسی و بازرگان و مامۆستا و پارێزەر و هی تریشیان تێدایە. لێرەدا دەگەینە قێزەونترین بەشی بابەتەکە، چونکە نازانین بە چ وشەیەک دەریببڕین و پەسنی بکەین، لەبەر ئەوەی بەتەنیا قەبارەی بەرهەمەکان ناتهەژێنن، بەڵکو جۆرەکەی.

بەگوێرەی وتەکانی سەرۆکی ژووری ئۆپەراسیۆنی پۆلیسی نەرویجی: لەو گرتە و وێنانەی، کە لەم تۆڕەدا دەستیان بەسەر داگیراوە، قێزەونترین مامەڵەی سێکسی لەگەڵ منداڵان کراوە،

[1] FBI ran website sharing thousands of child porn images https://shorturl.at/aelmU.
[2] Sputnik News: https://bit.ly/3Rb8WAB

وەک سێکسی گەورە سێکس لەگەڵ منداڵگەلێکدا کراوە، کە بەئاستەم دەتوانن ڕێ بکەن؛ هەندێکی تر بەستراونەتەوە و لە پەلوپۆ خراون، ئینجا سێکسییان لەگەڵ کراوە، هەندێکی تریش ناچار کراون سێکس لەگەڵ ئاژەڵاندا بکەن؛ ئەمە سەرەڕای سێکسی منداڵان لەگەڵ یەکتر.

هەروەها پۆلیس ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، کە یەکێک لە تاوانبارەکان لەگەڵ هاوڕێ کچە دووگیانەکەی ڕێککەوتووە، هەر ساتی بوونی منداڵەکەیان سێکس لەگەڵ منداڵەکەیان بکات و بەکاری بهێنێت بۆ ئەو مەبەستە.(١)

لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە، کە: ئاخۆ بۆچی ئەو ماڵپەڕ و تۆڕانە هەر لە زیادبووندان؟ کێ هاندەریانە و چ شتێک هۆکاری بەردەوامییانە؟

بەڵام لێرەدا پرسیارێکی گرنگتر هەیە: چ شتێک پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت کاری وەها قێزەون لەگەڵ منداڵی وا بچکۆلە بکات، کە هێشتا هیچ نیشانەیەکی سێکسیان تێدا دەرنەکەوتووە؟!

---

(1) Massive paedophile ring uncovered by police in Norway after arrest of 51 men https:// shorturl.at/cmpu 1.

بەکارهێنانی منداڵان بۆ سێکس

لە ئێستادا ئێمە لە جیهانی وێنەدا دەژیین، ڕاگەیاندن و ڕێکلام و بانگەشە هەموویان بوونەتە وێنە، وێنە دونیای داگیرکردووین، هەر بەو هۆیەیشەوە بووینە کۆیلەی دەستی وێنەکان؛ هەموو حەز و خولیامان بوونەتە وێنە و هزرمان لای وێنەیە، ئەوەی دەیشیکەین وێنە پێمان دەکات، ئیدی شتێکمان لا دروست دەبێت پێی دەوترێت: (ڕۆشنبیریی وێنە)، مامۆستای کۆمەڵناسی (گەیل دینیز) دەڵێت: "ئەم جۆرە ڕۆشنبیرییە نوێیە تێیدا وشە وتراو و بیستراو و نووسراوەکان، بە وێنەی بینراو دەگۆڕدرێنەوە، ئەوکات وێنەکان دەست بەسەر عەقڵ و هزرماندا دەگرن و کۆنترۆڵی دەکەن، هەرچەندە وشەکانی هاوپێچی جیاواز و پێچەوانەبن؛ ئەوا هەر وێنەکە زاڵ دەبێت. هەر لەسەر ئەو بنچینەیە دەتوانین سەیری پرسی بەکارهێنانی منداڵان بکەین بۆ سێکس".(١)

بەسێکسکردنی منداڵان!

با بەخێرایی باسی بەسێکسکردنی منداڵان بکەین.. بەگوێرەی ڕێکخراوی سێکسناسیی ئەمریکی: مرۆڤ ئەوکاتە بۆ سێکس بەکاردەهێنرێت، کە وەک ئامراز و کاڵایەکی سێکسی سەیری تاک دەکرێت و بەگوێرەی تایبەتمەندییە جەستەییەکان و سەرنجڕاکێشییان هەڵدەسەنگێنرێن.

---

(1) Melinda Tankard, Big Porn Inc., Exposing The Harms of The Global Pornography

کاتێک پێشبڕکێیەکی تەلەفزیۆنی ساز دەکرێت، تێیدا منداڵانی حەوت ساڵی بەجلی ژێرەوە نمایش دەکرێن و جووڵەی سەرنجڕاکێش و سێکسییان پێ دەکەن لەبەردەم بینەران و چەپڵەڕێزانی ئامادەبوان، بێگومان ئەمە بەکارهێنانی منداڵانە وەک کاڵایەکی سێکسی.

لە یەکێک لە زنجیرە ئەمریکییەکان هەمان شت دووبارە دەبێتەوە، تێیدا ژیانی ڕۆژانەی منداڵان نمایش دەکەن و بە شێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە منداڵەکان دەڕازێننەوە، میکیاژێکی زۆر بۆ ڕووخساریان دەکەن، جلی ژێرەوەی سەرنجڕاکێشیان لەبەر دەکەن و سپرایان (Spray Tan) لە جەستە دەدەن، بۆ ئەوەی سەرنجڕاکێش دەرکەون، سەرەڕای ئەمانەیش قژ و برژانگ و ددانی دەستکردیان بۆ دادەنێن؛ هەروەها چەندین شێوازی تریش دەگرنەبەر بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سێکسی و سەرنجڕاکێش نیشانیان بدەن! [١]

ئەم جۆرە بیرکردنەوە و ئەم جۆرە ڕۆشنبیرییە لە هزری هەندێ کەسی دەرووننەخۆش و ناخ قێزەوندا دەچەسپێت و منداڵان دەکەنە بەشێک لە حەز و ئارەزووە سێکسییەکانیان، ئیدی هەر ئەمەیشە دەبێتە هۆی ئەوەی تاوانبارانی بواری لەشفرۆشی و پۆڕن، بازرگانی بە منداڵانەوە بکەن و بۆ سێکس بەکاریان بهێنن و بیانکەن بە بازرگانییەکی بەربڵاو و بەرەواج.

---

(1) The sexualization of girls: How the popular culture harms our kids https://shorturl. Industry. at/ahnuZ

گەورەتر لە شاشەیەک

لەمیانەی قسەکانی دەربارەی دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان، (گەیڵ دینیز)ی چارەسەرکاری دەروونی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: (کاتێک خەریکی چارەسەری بەندییەکانی یەکێک لە بەندیخانەکان بووم، ئەوانەی بەهۆی دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان دەستگیر کرابوون، زۆربەیان باسی کاریگەریی فیلمە پۆڕنەکانیان دەکرد لەسەر ئەنجامدانی تاوانەکەیان و دەیانوت: سێکسی ئاسایی بووبووە شتێکی ناخۆش و بێزارکەر و وشک، بۆیە هەوڵماندا شتێکی وروژێنەرتر و جیاوازتر تاقی بکەینەوە، ئیدی پەنامان بردە بەر دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان).(١)

ئەو گەواهییە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ڕاستیدا، تەنانەت زیاتر پشتڕاستی دەکاتەوە. دیارترین نموونەیش لەسەر ئەم پرسە، لە ساڵی (١٩٩٨ز) کۆمەڵێک دەستدرێژیکار کەوتنە داوی پۆلیسەوە، ژمارەیان (١٠٣) سەد و سێ کەس بوو، نزیکەی (٧٥٠٠٠٠) حەوت سەد و پەنجا هەزار گرتەی سێکسیی منداڵانیان پێوە گیرا، گەر تێکڕای وەربگرین دەکاتە (٧٥٠٠) حەوت هەزار و پێنج سەد گرتە بۆ هەریەکێکیان.

بێگومان پەیوەندییەکی توندوتۆڵ هەیە لە نێوان فێڵکردن لە منداڵان و تاوانی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان لە

---

(1) Gail Dines, Hypersexualization of the Culture As Child Sexual Abuse.

ڕۆژئاوادا، هەرچەندە فێڵکردن لە منداڵان و هاندانیان بۆ کاری سێکسی و بەکاڵاکردنیان، هیچی کەمتر نییە لە تاوانی دەستدرێژیی سێکسی، بەڵکو بە هەمان شێوە تاوانێکی تەواوە، کەچی هەندێ لە بەرهەمهێنەرانی فیلمی پۆڕن و بازرگانانی ئەم بوارە پەنا دەبەنە بەر فێڵکردن، بەمەیش خۆیان ڕزگار دەکەن لە تۆمەتی دەستدرێژیکاری سێکسی و تاوانەکەیان دەچێتە چوارچێوەی هاندانەوە.

پاشان ئینتەرنێت لە لایەن حکومەتەوە کۆنترۆڵ کرا و یاسایەکی تایبەت بە سزادانی ئەوانەی، کە منداڵانی خوار هەژدە ساڵ بەکاردەهێنن دەرچوو، ئیدی بۆ دەرچوون لەم یاسایە و خۆبەدوورگرتن لەم سزایە، هەندێ لە بەرهەمهێنەران و بازرگانانی بواری پۆڕن هەستان بە دانانی هەندێ ماڵپەڕی ساختەی تایبەت بە پۆڕنی منداڵان. (Psudeo-Child Pornography).[1]

بە وتەی (گەیل دینیز): (ئەم ماڵپەڕانە چەند گرتەیەکی سێکسی گەورانیان بەرهەمهێنا، تێیدا لاسایی منداڵانیان کردەوە، ئیدی ئەمە بووە شتێکی ئاسایی، ئەکتەری پۆڕن جلی تایبەت بە خوێندنگای دەپۆشی، یان ورچێکی یاری دەکردە باوەشی، یاخود شیرینی منداڵانە دەخوات و یاری منداڵانە دەکات، واتە: ئەکتەرەکە وەک منداڵێک نمایش دەکرا، بۆ ئەوەی لای بینەری فیلمە پۆڕنەکان هیچ جیاوازییەک لە نێوان گەورە و بچوک نەمێنێت.

[1] Sharon Obe, The Internet: A Global Market For Child Sex Abuse.

ئەم کارە بەرهەمهێنەران و بازرگانانی بواری پۆڕن لە لێپێچینەوەی یاسایی و سزادان دەپارێزێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕێژەی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان و بینەرانی پۆڕنی منداڵان زیاد دەکات، بە جۆرێکی ئەوتۆ، کە بینەرانی ئالودەبوو بە پۆڕنی گەوران دەگۆڕێت بۆ بینەری ئالودەبوو بە پۆڕنی منداڵان؛ هەر بەمەیشەوە ناوەستێت و دەیکاتە دەستدرێژیکاری سێکسی بۆ سەر منداڵان).[١]

هەروەها (دیانا ڕەسڵ) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە و دەڵێت: "هیچ دەستدرێژیکارێک لەناکاو دەستدرێژی سێکسی ناکاتە سەر منداڵان، بەڵکو بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕێت: سەرەتا بینەری فیلمی پۆڕنی ئاساییە، دواتر سەیری فیلمی پۆڕنی ساختەی منداڵان دەکات، پاشان دەبێتە بینەری فیلمی پۆڕنی منداڵان. دوای ئەو سێ قۆناغە، ئینجا دەستدرێژیی سێکسی دەکاتە سەر منداڵان".

(تید باندی بکوژ)، تاوانبارێکی بەناوبانگە، بکوژ و دەستدرێژیکارە بۆ سەر کیژۆڵەکان، ناوبراو جەخت لەسەر وتەکانی پێشوو دەکاتەوە و دەڵێت: "هەموو هاوڕێکانم، کە وەک خۆم دەستدرێژیکار بوون، ئالوودەی فیلمی پۆڕن بوون". ئەمەیش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ هەیە لە نێوان ئالوودەبوون بە فیلمی پۆڕن، پاشان ئالوودەبوون بە گرتەی نامۆ و دەستدرێژیکردن، لە کۆتاییشدا درووستبوونی حەز و ئارەزوو بۆ منداڵان.[٢]

---

(1) Gail Dines, Hypersexualization of the Culture As Child Sexual Abuse.
(2) Big Porn Inc

کاتێکیش ئەو بیرۆکانە گەیشتنە ناو وڵاتانی عەرەبی و تاکی عەرەبی پێی ئاشنا بوون، ویژدان و بیروباوەڕی ئاینییان بەرەو کزی و لاوازی چوون، نیشانەکانی لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا سەریان هەڵدا، لێرە و لەوێ گوێبیستی هەواڵی دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان دەبین. ئەوەیش لێکەوتە و پاشماوەی شۆڕشی سێکسی و ئازادیی سێکسی!

ئیدی بەم جۆرە ڕۆشنبیریی ڕۆژئاوایی کێشە و گۆبەندێکی نایەوە، بۆ خۆیشیان ناتوانن چارەسەری بۆ بدۆزنەوە. بێگومان ناتوانن.. تۆ چاوەڕێی چی دەکەیت کاتێک کەسێکی تەندروست دەکەیت بە دەروونەخۆش و سەرلێشێواو، هەروەها کەسێکی ئاسایی دەکەیت بە کەسێکی نامۆ و هەوەسباز؟

بەسێکسیکردنی ڕیکلامی بازرگانیی منداڵان و بەکارهێنانی منداڵان لە ئاهەنگ و زنجیرە دراماکان بە شێوەیەکی نادروست و دانانی ماڵپەڕە سکێسییە ساختەکانی تایبەت بە منداڵان، هۆکاری سەرەکین بۆ گۆڕانی قۆناغ بە قۆناغی مەیل و ئارەزووی هاوڵاتییانی ڕۆژئاوایی و بوونیان بە دەستدرێژیکارێکی سێکسی بۆ سەر منداڵان، یاخود بەلایەنی کەمەوە دەبێتە بینەری فیلمی پۆڕنی منداڵان.

ئەوەی، کە کێشەکە گەورەتر و قەبەتر دەکات ئەوەیە، هەندێ لە ڕۆژئاواییەکان دەیانەوێت ئەو دیاردەیە پەردەپۆش بکەن و بەرگێکی تری بەبەردا بکەن و ناویان ناوە (پێدۆفیلیا - Pedophilia [1]) بۆ

[1] بوونی حەز و ئارەزووی سێکسییە بۆ منداڵان.

ئەوەی کارەکە لەبەرچاودا بکەن بە شتێکی ئاسایی. بەداخەوە، تا ئێستا هیچ تروسکایەک نییە بۆ چارەسەرکردنی ئەم پەتا کوشندەیە لە داهاتوویەکی نزیکدا، تەنانەت وردە وردە بەرەو زیادبوون و کەڵەکەبوون دەچێت.

دوای لادانی سێکسی، کێ بوو پێدۆفیلیای گەیاندە سەکۆی TEDx

(لە کۆمەڵگەدا تووشی جیاکاری و چەوساندنەوە دەبینەوە، بەهۆی ئەوەی حەز و ئارەزووی سێکسیمان هەیە بۆ منداڵان، بەڵام ئێستا سەردەم سەردەمی خۆشەویستییە، نەک جەنگ.. ڕۆژێک لە ڕۆژان هەموو مافەکانمان بەدەست دەهێنین و کۆمەڵگەش دان بەو ڕەوتە سێکسییەماندا دەنێت، چونکە دەتوانین پەیوەندییەکی سێکسی و سۆزداریی پتەو لەگەڵ منداڵان بنیاد بنێین، کە زۆر چاکترە لەوەی هەندێ لە دایبابان هەیانە لەگەڵ منداڵەکانیان).

تۆم ئۆکارۆڵ

دەبێت تێڕوانینی تۆ چۆن بێت بۆ کەسێ، کە بەم شێوەیە پەسن دەکرێت: شێت و ناتەواوە و نەخۆشیی دەروونێی هەیە؟ ئەی تێڕوانینت بۆ کەسێکی دژە کۆمەڵگە چۆنە کە شیاوی کوشتنە؟ بیهێنە بەرچاوت، خەریکی خوێندنەوەی ڕاپۆرتێکی لەسەر کەسێکی لادەر، نووسەری ڕاپۆرتەکە لە کۆتاییدا دەڵێت: "خۆزگە لە ئاگری دۆزەخدا دەسووتێنرایت". ئەی چۆن بیر لەم کەسە دەکەیتەوە و چ تێڕوانینێکت هەیە بۆی؟

ڕەنگە یەکێک لەم سیفەتانە بەس بێت بۆ ئەوەی کەسێک بە قێزەون و خراپەکار بناسرێت، ئەی ئەگەر هەموو ئەو سیفەتانەی پێشوو لە یەک کەسدا بوونیان هەبوو؟

پێت سەیر نەبێت، کەسی وا بوونی هەیە و لە گوتاری جەماوەری ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی ئەم جۆرە کەسانە بەم شێوەیە پەسن دەکرێن؛ ئەوانیش منداڵبازەکانن، یاخود بە واتایەکی تر پێدۆفیلین (The Pedophilic).

منداڵباز کێیە؟

پێناسەیەکی زۆر سادە: (کەسێکە حەز و ئارەزوو و مەیلی سێکسیی هەیە بۆ منداڵان، جا سێکسییان لەگەڵ بکات، یاخود نا).[١]

سەرەڕای ئەو هەموو سیفەتە قێزەون و ناشیرینانەی، کە دەدرێنە پاڵ منداڵبازان، هەندێکیان تێدایە لە پشت پەردە و لە ژێر ناوی جیا جیاوە خەریکی دەنگهەڵبڕین و نانەوەی ئاژاوەن، بۆ ئەوەی جیهان دان بەو ڕەوتە لادەرەیاندا بنێت.

تۆ خەون نابینیت! ڕۆژانە لە ڕێی ڕاگەیاندنەکانەوە هەواڵی ڕێپێوان و خۆپیشاندانی بەناو هاوڕەگەزخوازان و ڕەگەزگۆڕان دەبیستین و دەبینین، بۆ ئەوەی جیهان دانیان پێدا بنێن. ڕەنگە حەپەسابیت لەوەی، تا ئێستا جیهانی ڕۆژئاوا دانی بە (٥٠) پەنجا جۆری تری مرۆڤدا ناوە جگە لە نێر و مێ.

سەرەڕای بوونی ئەو هەموو جۆرە لادەرە لە ڕۆژئاوای شکستخواردوو لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، جا وەرە منداڵبازیشی بێتە سەر. بیهێنە لە جیهاندا بەرچاوت کۆمەڵێک پەیدا بوون داوا لە

---

(1) Pedophilia | SpringerLink

خەڵک دەکەن رێز لە حەزە سێکسییەکانیان بگرن، چونکە کۆمەڵێکی کەمن و تەنیا مەیل و ئارەزووی سێکسییان هەیە بۆ منداڵان و هیچ کاریگەرییەکیان نییە لەسەر کۆمەڵگەی رۆژئاوایی.

ئێستا واز لە خەیاڵکردن بهێنە و لەگەڵ مندا وەرە با بچین سەیری یەکێک لە سیمینارەکانی سەکۆی TEDx بکەین لە ئەڵمانیا، کە لە مانگی ئایاری ساڵی (٢٠١٨ز) پێشکەش کرا.

دەبینین (میریام هاینی) خوێندکاری کۆلیژی پزیشکی لەسەر سەکۆیە بۆ ئەوەی سیمینارەکەی پێشکەش بکات لە ژێر ناونیشانێک، کە هەرگیز گوێت لێ نەبووە، ئەویش: (پێدۆفیلیا رەوتێکی سێکسیی سرووشتیە).[١]

لێرەوە با هەڵوەستەیەک بکەین لەسەر ئەو پرسیارانەی، کە خەریکە بە مێشکتدا دێن: دەپرسین ئاخۆ چۆن کارەکە بەم رۆژە گەیشت، تێیدا خەڵکی ئاوا بە ئاسایی و ئاسانی باسی لادانی سێکسی بکەن و بەرانبەریش زۆر بە ئاسایی و سانایی وەریبگرێت؟! ئایا ئەو سیمینارەی (هاینی)، کە لەسەر سەکۆی TEDx پێشکەشکرا و تێیدا بەئاشکرا گەنگەشەی منداڵبازی کرا و بە شتێکی ئاسایی ناسێنرا، یەکەم سیمیناری لەم جۆرەیە، یان تەنیا چالاکییەکە لە زنجیرەیەک چالاکیی یەک لە دوای یەکی ناکۆتایی، کە لە لایەن رێکخراو و کەسانی لادەرەوە ئەنجام دەدرێن

(1) TEDx Pedophilia is a natural sexual orientation Mirjam Heine University of Würzburg https://shorturl.at/bnpR6.

لەسەر منداڵبازی، بۆ ئەوەی بوونی بسەلمێنن لە جیهاندا؟

لێرەدا پرسیارێکی گرنگتر دێتە ئاراوە: ئایا چەند قۆناغی تر ماوە بۆ ئەوەی منداڵبازیش ببێتە شتێکی ئاسایی لەناو کۆمەڵگەدا؟! ئایا چ لێکچوونێک هەیە لە نێوان ڕەوتی هاوڕەگەزبازان و ڕەوتی منداڵبازان و هاوشێوەکانی و ئەو ئارگومێنت و لۆژیکەی هەیانە بۆ بەئاسایی ناساندنی ڕەوتەکانیان؟

ڕێچکەکە بشکێنە

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ساڵی (١٩٥٠ز) و بە یەکێک لە کەسەکانی ئەو سەردەمە بڵێین: دوای دوو نەوەی تر، هاوڕەگەزبازی و لادانی سێکسی دەبنە شتێکی ئاسایی، یەکسەر بێ دوودڵی وەڵامت دەداتەوە و دەڵێت: بێگومان تۆ شێت بوویت، شتی وا چۆن دەبێت؟!

(ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی، سیلواین دیۆک)[1]

هەرچەندە، تا ئێستا پرسی (منداڵبازی-Pedophilia) ناوبانگێکی خراپی هەیە لە جیهانی ڕۆژئاوادا، هەرکەسێک باسی بکات ڕەخنەباران دەکرێت، لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەگەر تەنیا حەفتا ساڵ بگەڕێینەوە دواوە - هەروەک سیلواین دیۆک ئاماژەی بۆ کرد - ئەوا دەبینین هاوڕەگەزبازی لە ڕۆژئاوادا بە هەمان قۆناغ تێپەڕیوە، سەرەتا نامۆ و قەدەغە بووە، پاشان قۆناغ بە قۆناغ بووەتە بە شتێکی ئاسایی.

هەر بۆیە منداڵبازەکان و ئەو ڕەوتانەی، کە پارێزگارییشیان لێ دەکەن، زۆر چاک دەزانن ئامانجەکانیان بە شەو و ڕۆژێک بەدی نایەن، بەڵکو پێویستیان بە پشوودرێژی هەیە.

---

[1] The Slippery Slope to Pedophilia, https://www.thenewamerican.com/culture/ item/16581-the-slippery-slope-to-pedophilia.

سیاسەتمەداری ئەمریکی (ئالان وێست) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ڕەوتی (منداڵبازی-Pedophilia) هەمان ڕێچکەی ڕەوتی هاوڕەگەزبازانیان گرتووە و بە هەمان بەرنامەی ئەوان کار دەکەن بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی و نەهێشتنی جیاوازی لە نێوان منداڵبازەکان و کەسانی ئاسایی ناو کۆمەڵگەدا، هەروەک چۆن هاوڕەگەزبازان مافی یەکسانییان بەدەستهێنا، ئەوانیش دەیانەوێت ئەم ئامانجە بپێکن و لە خەڵکی ئاسایی جیا نەکرێتەوە.

بۆ بەئاساییکردنی ئەم لادانە سێکسییە و ئەم تاوانە گەورەیە، پزیشکە دەروونییەکان دەیانەوێت سەرلەنوێ پێناسەی (منداڵبازی-Pedophilia) بکەنەوە، هەروەک چۆن لە ساڵانی ڕابردوودا چەندین جار پێناسەی هاوڕەگەزبازییان نوێ کردەوە.[1]

قۆناغی یەکەم بە بەئاساییکردنی (منداڵبازی-Pedophilia) دەستی پێ کرد و ناویاننا ڕێچکەشکاندن و وازهێنان لە دابونەریتی کۆمەڵایەتی، ئەمەیش لە ڕێگەی ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار و مێزگرد و زۆر باسکردنی بەئاشکرا، جا بە چاکە بێت، یان بە خراپە. قۆناغی دوای ئەوە داماڵینی سیفەتی خراپەکارییە لێیان، بە جۆرێک وێنای منداڵبازان دەکرێت، کە خراپەکار و تاوانبار نین، بەڵکو قوربانین و پێویستیان بە هاوسۆزی هەیە.

---

[1] (3) Allen West: Pedophiles Supported By SCOTUS Gay Marriage Decision https:// shorturl.at/cdel4.

کۆتا قۆناغ قۆناغی گەیشتن بە ئامانجە ئەویش قۆناغی ئاساییکردنەوەیە، تێیدا دەیسەلمێنن، کە منداڵبازەکان کەسی ئاسایین و بە بێ ویستی خۆیان و بەناچاری مەیل و حەز و ئارەزووی سێکسییان هەیە بۆ منداڵان، بۆیە ناکرێت لەسەر ئەم کارە لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت. ئیدی بەم جۆرە گەیشتنە کۆتایی چیرۆکەکە و ئامانجەکەیان پێکا، هەرکەسێک رێگری لە منداڵبازەکان بکات، ئەوا دواکەوتووە و رێگرە لە ئازادی و پێشکەوتن و پێشکەوتنخوازی.

بەریەککەوتنێکی چاوەڕوانکراو

بە سەرنج خستنە سەر قۆناغەکانی پێشوو، بۆمان دەردەکەوێت هێشتا منداڵباز و پشتیوانانیان، قۆناغی یەکەمیان بەسەلامەتی نەبڕیوە. لە سەرەتای دوو هەزارەکان و دوای ئەوەی کۆڕ و کۆبوونەوەیان بەئاشکرا بۆ (منداڵبازی-Pedophilia) بەست، دەستبەجێ لە لایەن کۆمەڵگەوە ڕەتکرایەوە و سەرکۆنە کران، ئەو پرسە وەک نەخۆشی و کێشەی هزری و لادان هەژمار کرا و بوو بە پرسێکی ئەوتۆ، کە شیاوی گفتوگۆ و گەنگەشەکردن نییە.

دوای سیمینارەکەی (میریام هاینی) لەسەر سەکۆی (TEDx Würzburg)، ئەو سەکۆیە سەرکۆنە و جنێوباران کرا، تا ناچار کرا ڤیدیۆکە لەسەر یوتیوب بسڕێتەوە و بەفەرمی داوای لێبوردن لە بینەرانی بکات، کە پێشوازیی لەو خوێندکارە کردووە.

لە لایەکی ترەوە دەزگای پەخشی بەریتانی (BBC)، وتارێکی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی (کەسی منداڵباز پێویستی بە یارمەتییە، نەک تاوانبار کردن)، تێیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە (منداڵبازی-Pedophilia)، تێکچوونێکی هزرییە و پێویستی بە چارەسەرە، نەک قەبووڵکردن؛ لە کۆتاییشدا نموونەی بە بەسەرهاتی یەکێک لە منداڵبازەکان هێناوەتەوە، کە چارەسەری وەرگرتووە و چاک بووەتەوە و لە ئێستادا لەگەڵ هاوسەرەکەی ژیانێکی خۆش دەگوزەرێنن.(١)

(1) Paedophiles need help, not condemnation - I should know https://shorturl.at/n3479

هەروەها تۆڕی هەواڵی (CBN)، لە چەندین بەرنامەیدا و لەسەر زاری چەندین پسپۆڕ ڕەتی کردووەتەوە، کە (منداڵبازی-Pedophilia)، شتێکی ئاسایی و سرووشتی بێت، لەناویاندا پزیشکی دەروونی (لیندا مێنتل). ناوبراو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە (منداڵبازی-Pedophilia) تێکچوونێکی هزرییە و یەکێکە لە لادانە سێکسییەکان؛ هەروەها وتەی یەکێک لە پزیشکە دەروونییە بەناوبانگەکانی بڵاوکردووەتەوە، کە (دانیال ئەمن)ـە، ناوبراو دەڵێت: "مێشکی منداڵبازەکان وەکو مێشکی مرۆڤی ئاسایی نییە، ئەگەر پشکنین بۆ مێشکیان بکەین، دەبینین مێشکیان وەک مێشکی ئەو نەخۆشانە وایە، کە بەدەست (ڕاڕایی داسەپاو - الوسواس القهري)[(١)] دەناڵێنن و هەروەها توێکڵی بەشی پێشەوەی مێشکیان بچووکترە".[(٢)]

بەڵام ئاخۆ ئەو هێرشە بەس بوو بۆ ئەوەی (منداڵبازی-Pedophilia)، شوێنبزر بکرێت و کۆتایی پێ بێت، یان شوێنکەوتوانی نائومێد و بێهیوا بکرێن؟!

---

(1) نەخۆشییەکی دەروونییە، کەسی تووشبوو بیرۆکەیەک، یان کارێک چەند بارە دەکاتەوە و بەدەست ئەم کارەیەوە پەرێشان بووە، ئەم دووبارەکردنەوە بۆ دابەزاندنی ئاستی دوودڵییەکەیەتی، بۆ نموونە: ڕۆژانە کەسێک بەبێ هۆکار چەندین جار دەستی دەشوات، یان کاتێک لە ماڵ دەردەچێت چەندین جار دەگەڕێتەوە و سەیری دەرگاکە دەکات بۆ ئەوەی دڵنیابێت، کە ئاخۆ کلیلی داوە، یان نا؟

(2) Scholar Calls Pedophilia 'An Unchangeable Sexual Orientation' that Should Be Accepted by Society, https://shorturl.at/eijP1

قوربانین، نەک تاوانبار

با زانیارییەکی پێشوو ڕوون بکەینەوە؛ ڕەنگە وا تێگەیشتبیت، کە هەنگاوی منداڵبازەکان یەک بە دوای یەک و بە شێوەی زنجیرەیە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان و قەبوولکردنیان وەک تاکێکی ئاسایی لە کۆمەڵگەدا، بەڵام ڕاستییەکان شتێکی ترمان بۆ دەردەخەن ئەویش ئەوەیە: هاوکات لەگەڵ قۆناغی یەکەم، کە بریتی بوو لە ڕێچکەشکاندن، هەندێ لە منداڵبازەکان دەستیان بە جووڵە و چالاکی کردووە بۆ جێبەجێکردنی قۆناغی دووەم، خەریکی ڕەواندنەوە ترس و فۆبیای کۆمەڵگەن بەرانبەر (منداڵبازی-Pedophilia)؛ وا خۆیان دەردەخەن ئەو مەیلە سێکسییەیان شتێکی ئاسایی و سرووشتییە و هەر لەبنەڕەت و زگماکەوە وا بوون و هیچ لە دەسەڵاتی ئەواندا نییە، پاشان هەندێ پێشەوا و پێشەنگی چاکی منداڵبازەکان نیشانی خەڵکی دەدەن، بۆ ئەوەی خۆیان و سیفەتە ناشیرن و قێزەونەکەیان لە پشتیانەوە بشارنەوە؛ هەروەها ئەو وێنە قێزەونەی، کە لە هزری خەڵکیدا دروست بووە لەسەر (منداڵبازی-Pedophilia)، بسڕنەوە.

بۆ نموونە: گۆڤاری (Vice) وتارێکی بڵاوکردەوە تێیدا ئاماژەی بۆ وتەی یەکێک لە قوربانییانی دەستی منداڵبازەکان کردبوو، کە دەیوت: "پێویستە منداڵبازەکان ئەوەندە هەست بە شەرم نەکەن، باشە چۆن لێیان تێدەگەین ئەگەر قسەیان لەگەڵ نەکەین؟!" [١]

(1) A Child Rape Victim on Why Society Should be More Empathetic to ←

هەروەها گۆڤاری (The New York Times) وتارێکی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی: (منداڵبازی-Pedophilia تێکچوون و شڵەژانە، نەک تاوان)، تێیدا باس لەوە دەکات، کە (منداڵبازی-Pedophilia) شتێکی ئاسایی و سرووشتییە و هەڵبژاردەی کەسی نییە و لە دەرەوەی دەستەڵاتی کەسەکەیە؛ هەروەها توێژینەوە زانستییەکان دەیسەلمێنن، کە (منداڵبازی-Pedophilia) شتێکی بایۆلۆژییە و بەهۆی ژینگە و دەوروبەرەوە کارا دەبێت.(١)

بەردەوام توێژینەوە زانستییەکانی سەردەم ڕزگارمان دەکەن!

هەردوو توێژەری کەنەدی (جەیمس کانتور) و (پۆڵ فیدۆرۆف)، توێژینەوەیەکیان لەسەر ماڵپەڕی (Springer) بڵاوکردەوە و تێیدا جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە، کە تا ئێستا هیچ بەڵگەیەکی زانستی نییە لەسەر گۆڕینی کەسی منداڵباز بۆ کەسێکی ئاسایی، نە بە سرووشتی و نە بە وەرگرتنی چارەسەر؛ کەواتە ئەو وتەیە جەخت لەسەر ئەو بیرۆکەیە دەکاتەوە، کە دەڵێت: (منداڵبازی-Pedophilia) شتێکی بۆماوەییە، هەڵبژاردەی کەسی نییە و لە دەرەوەی دەسەڵاتی کەسەکەوەیە.(٢)

با نموونەیەکی تریشت بۆ بهێنمەوە..

گۆڤاری (The Huffington Post) زۆر لەوە دوورتر ڕۆیشت کاتێک دۆسیەیەکی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی: (هەموو

Pedophiles, https://shorturl.at/jlsv8

(1) Pedophilia: A Disorder, Not a Crime https://shorturl.at/agLT7

(2) Can Pedophiles Change? Response to Opening Arguments and Conclusions, https:// shorturl.at/fvxz2.

منداڵبازەکان تووشی شڵەژانی هزری نەهاتوون)، تێیدا تیشک دەخاتە سەر ئەوەی ڕەنگە مەیل و حەز و ئارەزووی سێکسی بۆ منداڵان لای کەسانی ئاسایی هەبێت، بەمەیش (منداڵبازی-Pedophilia) بەتەواوی لە لیستی نەخۆشییە هزرییەکان دەرهێنرا! [1]

هەروەها (ستیڤن کیرشنەر)ی مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆی نیویۆرک بەشێکی تەواوی لە پەرتووکەکەی (پێدۆفیلیا: شیکارییەکی فەلسەفی) تەرخان کرد بۆ پارێزگاریکردن و پشتگیریکردن لەو کەسانەی، کە مەیل و حەز و ئارەزووی سێکسییان هەیە بۆ منداڵان و بە کەسی ئاسایی پەسنی کردن و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە هیچ جۆرە شڵەژانێکی دەروونییان نییە!

تا ئێرە و ئەوەی باسمان کرد چالاکیی هەرەمەکی و بێ ئامادەکارییە، بەڵام یەکێک لە چالاکوانە منداڵبازەکان، کە ناوی خوازراوی (ئیندەر ویگن)ـە، لەسەر ماڵپەڕەکەی ئامارێکی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی (بەڵێ قەبووڵ دەکرێین.. قەبووڵکردنی (منداڵبازی-Pedophilia) لە لایەن کۆمەڵگەوە لە زیادبووندایە)، تێیدا زۆر بە گەشبینی و ئەرێنی دەڕوانێتە بەرەوپێشچوونی پرسی (منداڵبازی-Pedophilia) لە لایەن ڕۆژنامە جیهانییەکانەوە. لە

---

[1] Not All Pedophiles Have Mental Disorder, American Psychatric Association say in new DSM, https://shorturl.at/eORZ4

ئامارەکەدا دەردەکەوێت لە ساڵی (٢٠١٠ز) تەنیا یەك وتار دەربارەی ئەو پرسە بڵاوکرایەوە، لە ساڵی (٢٠١٢ز) بوو بە حەوت ئەوەندە، لە نێوان ساڵی (٢٠١٣ بۆ ٢٠١٥ز) گەشەی سەند و بوو بە پانزە وتاری ئەرێنی لەو ماوەیەدا، ئیدی بەم جۆرە لە گەشەسەندن بەردەوام بوو، تا گەیشتە ئەوەی بەتەنیا لە ساڵی (٢٠١٦ ز)، (٣٦) سی و شەش وتاری ئەرێنی لە بەرژەوەندیی منداڵبازەکان بڵاوبکرێتەوە.[١]

ئەو گەشەسەندنە لە قەبووڵکردنی (منداڵبازی-Pedophilia)، دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵ و تێکۆشانی ڕێکخراوی (Virtuous Pedophiles)ی ئەلیکترۆنی، کە لە ساڵی (٢٠١٢ز) دامەزرا و بە ڕێکوپێکی کاری لەسەر بەرەو پێشبردنی پرسی (منداڵبازی-Pedophilia) کرد لە کۆمەڵگەدا.

بوونی ئەم ڕێکخراوە و هاوشێوەکانی لە ئێستادا، بە بەراورد بە چل ساڵ لەمەوبەر، قەبارەی ئەو بەرەوپێشچوونە و مەترسییەکانیمان بۆ دەردەخات، کە ئەو پرسە بەخۆیەوە بینیوە. لە ساڵی هەشتاکان ڕێکخراوەکانی (منداڵبازی-Pedophilia) قەدەغە و یاساغ بوون، لە وڵاتەکانی وەک: دانیمارک، نەرویج، ئیتالیا، ئوستراليا، فەرەنسا، بەلجیکا، ئەڵمانیا، نزیکەی چل ڕێکخراو داخران و دەستیان بەسەردا گیرا.[٢]

---

(1) Yes, 'Our Kind' Will Be Accepted: The growing social acceptance of non-offending pedophiles, https://shorturl.at/demz4

(2) List of pedophile advocacy, https://shorturl.at/bcfZ4

بەڵام ئێستا زۆر بەئازادی لەسەر سەکۆ و شاشەکان دەردەکەون و لە ڕووپەڕی ڕۆژنامەکان و لە دووتوێی پەرتووکەکاندا دەنووسن. ئەوەتا مامۆستای یاسا (ئێدوارد برۆنجرسما)ی هۆڵەندی، پەرتووکێکی دوو بەرگیی چاپ دەکات بە ناونیشانی (خۆشویستنی منداڵان: توێژینەوەک لەسەر پەیوەندیی سێکسیی نێوان پیاوان و نەوجەوانان)، هەر بۆ زانیاریت، ناوبراو پێشووتر بەندکرابوو بە تۆمەتی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان.

تا ئێستا لەگەڵ ئێمەدا چاودێریی بەرەوپێشچوونی ئەو کۆمەڵە لادەرە دەکەیت؟

کەواتە ئەم هەواڵەیش بخوێنەرەوە..

دەنگی منداڵبازەکان

ئێستا ئێمە لە قۆناغی کۆتاییداین. دوای ورووژاندنی پرسەکە و ئاساییکردنەوەی دۆخەکە و ڕاهێنانی خەڵکی لەگەڵ ئەو حەز و ئارەزوو و مەیلە نامۆ و قێزەونە، ئێستا کاتی داواکردنی مافە. لەم قۆناغەدا ڕەوت و ڕێکخراوەکانی (منداڵبازی-Pedophilia) سێ ئامانجی سەرەکییان هەیە:

یەکەمیان: لادانی چوارچێوە و سنووری تەمەن (Age of Consent)، واتە: لادانی ئەو یاسایەی، کە سنووری تەمەنی داناوە بۆ ئەنجامدانی سێکس.

دووەم: لادانی (منداڵبازی-Pedophilia) لە ڕێبەری ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیدا، کە تێیدا وەک نەخۆشی ناسێنراوە.

سێیەم: لە کۆتا قۆناغدا، دانانی یاسایەکە تێیدا ڕەزامەندی بدرێت لەسەر پەیوەندیی سێکسیی نێوان پێگەیشتوان و منداڵان.

لەپێناو بەدیهێنانی ئەو داواکارییانە، چەندین کەس و کۆمەڵە و ڕێکخراو دەستیان بە چالاکی و جموجووڵ کردووە، بەتایبەت لە ماڵپەڕ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، چەندین وتار و توێژینەوەی زانستییان بڵاوکردووەتەوە بە مەبەستی بەهێزکردنی پێگەی منداڵبازەکان لە جیهاندا. بەشێک لەو ماڵپەڕانەی، کە خزمەت بە دۆزی (منداڵبازی-Pedophilia) دەکەن: ماڵپەڕی (IPCE) و

(Boylinks) و (Boy Wiki) و (Speak Out For Boys)، لە سەرووی هەمووشیانەوە ڕێکخراوی (NAMBLA)، کە ئەم ڕێکخراوەیان بەناوبانگترین دەزگایە بۆ بەرگریکردن لە دۆزی (منداڵبازی-Pedophilia) و مافەکانیان لە جیهاندا. دروشمی ئەم ڕێکخراوە بریتییە لە: (پشتگیریکردن لەو پەیوەندییە منداڵبازییەی، کە بە حەز و ویستی هەردوولا دەکرێت، لەپێناو دابینکردنی ئازادی بۆ کوڕ و کچان لە هەڵبژاردنی هاوبەشە سێکسییەکانیان).

لەپێناو بەدیهێنانی ئەم ئامانجەدا، ڕێکخراوەکە لە پلانیدایە سنووری تەمەن بۆ سێکسکردن دابەزێنێت بۆ (١٠) دەساڵی، بە پاساوی ئەوەی منداڵ لەو تەمەنەدا دەتوانێت کۆنترۆڵی ئاکار و هەڵسوکەوت و مەیلە سێکسییەکانی بکات. جا بۆ سەلماندنی ئەو وتەیەیان، پشت بە چەندین توێژنەوەی زانستی دەبەستن.

لەو هەنگاوە یەک بە دوای یەکانەی منداڵبازەکان، بۆمان دەردەکەوێت، کە مەترسیی (منداڵبازی-Pedophilia)، وا لە دەرگای هەموو ماڵەکانی جیهانی ڕۆژئاوا دەدات و ئەوانیش دەستەوەستانانە لە پشت دەرگەوە خۆیان شاردووەتەوە. خۆ ئەگەر دۆخەکە بەم جۆرە لە پەرەسەندن بەردەوام بێت، ئەوا بە دووری نازانین لە ماوەیەکی نزیکدا کۆشکی سپی ئاهەنگ بگێڕێت بە دەرکردنی یاسایەک تێیدا پیاوێکی پێگەیشتوو بتوانێت هاوسەرگیری لەگەڵ منداڵێکی بچووک بکات، کە هێشتا خەریکی یاریکردنە لەگەڵ هاوپۆلەکانی لە گۆڕەپانی خوێندنگەکەیدا.

لە جیهانێکدا، کە بانگەشەی بۆ هاوڕەگەزبازی دەکرد، زۆر

ئاساییە بەلایانەوە ئاستی خۆیان دابەزێنن بۆ ئاستی ئاژەڵان. پێت سەیر نەبێت منداڵبازەکان پاساو بۆ لادانەکەیان دەهێننەوە بەوەی لە گیانەوەری (بابۆن)[(١)] پەرەیانسەندووە، بەگوێرەی بیردۆزی پەرەسەندن ئەو گیانەوەرە لە لایەنی بۆماوەیی، نزیکترین ئاژەڵە لە مرۆڤەوە.[(٢)]

بەڵێ، هەموو شتێك ڕێپێدراو و ئاساییە کاتێ وەک ئاژەڵێکی قسەکەری پەرەسەندوو سەیری مرۆڤ دەکرێت. بەڵێ، وەک ئاژەڵێکی بێبەها و بێئاکار و بێئاوەز سەیر دەکرێت، تەنیا ئاژەڵێکە دوای حەز و ئارەزووەکانی کەوتووە!

خودای گەورە ڕاستی فەرموە: {إِنَّ شَرَّ الدَّوَابِّ عِندَ اللَّهِ الَّذِينَ كَفَرُوا فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ} [الأنفال: ٥٥]

واتە: "خراپترین گیانەوەر لە لای خوا، کە لەسەر زەوی دەڕوات، کافر و بێبڕواکانن، کە سوورن لەسەر کوفر و بێبڕوایی. ئەوانە بڕوایان بە پێغەمبەرانی خوا نییە و دان بە تاک و تەنیایی خوادا نانێن و شوێن شەرع و یاساکەی ناکەون".

(١) جۆرێکی مەیموونە سەری لەسەری سەگ دەچێت، گیاندارێکی گورجوگۆڵە، لای میسرییە کۆنەکان لەبری سەگ بەکارهاتووە بۆ ناسینەوەی تاوانباران.

(2) (1)F. B. M. de Waal, “Sociosexual Behavior Used for Tension Regulation in All Age and Sex Combinations among Bonobos«.

ڕێگەی ڕزگاربوون، چۆن واز لە سەیرکردنی فیلمە پۆڕنەکان دەهێنیت؟

(بەر لە ساڵ و نیوێک دەستمکرد بە سەیرکردنی فیلمە پۆڕنەکان، ئیدی وردە وردە کێشەی پابەندبوونم بۆ درووست دەبوو، نەمدەتوانی سەرنج بخەمە سەر یەک ئامانج، ئەگەر لە حەوت ڕۆژ زیاتر بوایە. هەرکاتێک ڕۆژێک مۆڵەتم بوایە، ئەوە بە خاووخلیسکی و تەمبەڵی خۆمم دەهێنا و دەبرد، تا کاتەکەم بەفیڕۆ دەدا و هیچم بە ئەنجام نەدەگەیاند، لەگەڵ ئەوەیشدا زۆر دڵنیابووم لەوەی، کە دەمتوانی زۆر شت ئەنجام بدەم لەو ماوەیەدا!)

ئەوەی سەرەوە وتەی یەکێک لەو کەسانەیە، کە ئەزموونێکی زۆری هەیە لە سەیرکردنی فیلمە پۆڕنەکان و بەشێکی زۆری لە تەمەنی بەفیڕۆداوە بەدیار ئەو فیلمانەوە و هەستی پێ نەکردووە...

ئاگاداربە! کارەکە بەتەنیا تاوانی شەرعی و تێکدانی پەیوەندیی هاوسەرگیری و لادانی سێکسی نییە، بەڵکو زۆر لەوە دوورتر دەڕوات. بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی، کە لە لایەن (ڤالیری فۆن)، توێژەر لە زانستی دەروونی و دەمار ئەنجامدراوە لە زانکۆی کامبریج، ناوبراو گەیشت بەو ئەنجامەی، کە لێکچوونێک هەیە لە نێوان ئەوانەی سەیری فیلمی پۆڕن دەکەن، لەگەڵ ئالوودەبوانی خواردنەوە کحولییەکان و ماددە هۆشبەرەکان؛ هەردووکیان بە هەمان شێوە بەشێک لە کێشی مێشکیان لەدەست دەدەن.[1]

---

(1) Porn On The Brain https://shorturl.at/ers47

بەڵێ، زۆر بەچاکی گوێت لێبوو، ئەوەیە زیانی ئالوودەبوون بە سەیرکردنی فیلمی پۆڕن.

وازهێنان لە سەیرکردنی فیلمە پۆڕنەکان کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە، چونکە وەک هەر ئالوودەبوونێکی تر کاریگەرییەکی زۆر دەکاتە سەر مێشکی مرۆڤ. سەیرکردنی فیلمە پۆڕنەکان وەک چوونە ناو تونێلێکی تاریک وایە، هەرچەندە زیاتر سەیری بکەیت و تێیدا قووڵ ببیتەوە، ئەوا زیاتر بە تاریکیدا ڕۆدەچیت و لە سەرچاوەی ڕووناکییەکە دوور دەکەویتەوە و دەرچوون لێی قورستر و سەختتر دەبێت. ئا لێرەدا هەندێک لە ئالوودەبوان نائومێد دەبن لە وازهێنان و چاکبوونەوە، بەڵام ئەگەر سوود و دەرئەنجامی ئەو وازهێنانەیان بزانیایە، ئەوا زۆر مکوڕتر و ڕژدتر دەبوون لەسەر وازهێنان.

ئەوە بەشی دووەمی گەواهیی کەسێکە، کە پێشتر باسمان کرد، ناوبراو وازی لە سەیرکردنی فیلمە پۆڕنەکان هێناوە و بەتەواوی چاک بووەتەوە و ئێستا کەسێکی تەندروست و دڵخۆشە و دەڵێت: "دوای ئەوەی توانیم بەسەر خۆمدا زاڵ ببم و کۆنترۆڵی حەز و ئارەزووەکانم بکەم، ئێستا هەست بە متمانەیەکی زۆر دەکەم و باوەڕم بە خۆمە بۆ ئەنجامدانی کارەکانم، ئەوەیش کاردانەوەیەکی ئەرێنی هەبوو لەسەر هەموو کایەکانی ژیانم و هەموو کارەکان و هەڵبژاردەکانم کۆنترۆڵ کردوون و هەموو شتەکان بەدەست خۆمن!"

ئەو پرسیارەی گەرەکمانە وەڵامەکەی وەرگرین ئەوەیە، کە: باشە

چۆن کەسێکی ئاڵوودەبوو دەتوانێت ژیانی پێچەوانە بکاتەوە و بیگۆڕێت و لەو دەردە ڕزگاری بێت؟

بەڵام بەر لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، با پرسیارێکی تر بکەین: باشە چۆن فیلمە پۆڕنەکان توانییان ژین و ژیانت بگۆڕن؟

عەقڵێکی بەدیلگیراو

لە نێوان ساڵی (٢٠٠٨ بۆ ٢٠٠٩ز) لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان کۆمەڵێک وێبنار و گفتوگۆ ئەنجامدران، تێیدا بەشداربوان گەنگەشەی لەدەستدانی حەزی سێکسییان کرد بەرانبەر هاوسەرەکانیان، دوای سەیرکردن و ئالوودەبوونیان بە فیلمە پۆڕنەکان. ئەوەیش دەرئەنجامی ئەو جیاوازییە زۆرەی، کە لە نێوان ژیانی ساختە و نواندنی فیلمە پۆڕنەکان و ژیانی ڕاستەقینەی هاوسەراندا هەیە، بێگومان ئەو ورووژاندن و زێدەڕۆییە لە فیلمە پۆڕنەکاندا هەیە زۆر دوورە لە ژیانی ئاسایی و بینەرانی تووشی حەپەسان دەکات و دەکەونە ناو ژیانێکی ساختەی دوور لە ڕاستییەوە. تاکە چارەسەریش گەڕانەوەیە بۆ ژیانی ئاسایی و وازهێنان و وەستانە لە سەیرکردنی فیلمە پۆڕنەکان.

(گاری ویلسن) لە پەرتووکەکەیدا (مێشکت لە ژێر کاریگەریی فیلمە پۆڕنەکاندایە)، چەندین توێژنەوە و بەڵگەی جیای خستەڕوو دەربارەی زوو بڵاوبوونەوەی فیلمە پۆڕنەکان لەناو گەنجان و هەرزەکاراندا، تێیدا گەیشتە چەند دەرئەنجامێک لەسەر پەیوەندیی نێوان فیلمە پۆڕنەکان و کاریگەرییەکانی. جا بۆ ئەوەی لە دەرئەنجامەکانی ئالوودەبوونی مێشک بە فیلمە پۆڕنەکان بگەین، سەرەتا دەبێت لەو پرۆسەیە بگەین، کە چۆن مێشک دەکەوێتە ژێر کاریگەریی فیلمە پۆڕنەکانەوە و پێوەی ئالوودە دەبێت.

لە مێشکی مرۆڤدا بەشێک هەیە پێ دەوترێت: ناوچەی پاداشت (Reward Circuit)، لە کاتی ئەنجامدانی چالاکییەکی خۆش، یاخود تێرکردنی حەزێک، ئەو ناوچەیە هەڵدەستێت بە دەردانی هۆرمۆنی (Dopamine)؛ کاتێک کەسێک سەیری فیلمە پۆرنەکان دەکات، ئەوا ئەو بەشە بڕێکی یەکجار زۆر لە هۆرمۆنی (Dopamine) دەردەدات، بە جۆرێک زۆر زیاترە لەوەی، کە لە کاتی ئەنجامدانی سێکسی سرووشتیدا دەریدەدات.

هاوکات لەگەڵ دەردانی هۆرمۆنی (Dopamine)، ماددەی (Delta FOSB)یش دەردەدات، ئیدی بەم جۆرە مێشک دەخاتە ناو میکانیزمی زیدەڕۆییەوە (Binge Mechanism)، هەموو کێشەکە لێرەدا خۆی دەبینێتەوە، بە جۆرێک ئەو ئاستە بەرزەی (Dopamine) دەبێتە هۆی ورووژانێکی لەڕادەبەدەر بەهۆی سەیرکردنی فیلمە پۆرنەکانەوە.

کاتێک کەسێکی ئالوودەبوو بە فیلمە پۆرنەکان، سێکسی سرووشتی لەگەڵ هاوسەرەکەی دەکات، یەکسەر مێشک پەیوەندییەکی مەرجدار درووست دەکات لە نێوان ئەوەی لەگەڵ هاوسەرەکەی دەیکات و ئەوەی، کە بینیویەتی لە ماڵپەڕە سێکسییەکان؛ کاتێکیش ئەوەی بینیویەتی و لە هاوسەرەکەی بەدیی ناکات و دەستی ناکەوێت، هەست بە ساردبوونەوە دەکات و دواتر قۆناغ بە قۆناغ بەرەو لەدەستدانی حەزی سێکسی دەچێت لەگەڵ هاوسەرەکەیدا، چونکە عەقڵی تێر نابێت داوای کاتی زیاتر و شێوازی هەمەجۆر دەکات، ئەوەیشی لە هاوسەرەکەی دەستناکەوێت. هەروەک دەزانین دونیای ڕاستەقینە زۆر جیاوازە لە

دونیای ساختە و درۆیینەی پۆڕن، بەمەیش هەرگیز تێر نابێت!

دوای بەردەوامبوون لە سەیرکردنی فیلمە پۆڕنەکان، کارەکە دەگاتە قۆناغی هەڵچوون و هەڵکشان، ئەو قۆناغە بە مەترسیدارترین قۆناغی ئالوودەبوون دادەنرێت؛ تێیدا کەسی ئالوودەبوو سەیری فیلمی پۆڕنی زۆر نامۆ و قێزەون و توندڕەوانە دەکات، ئەمەیش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر بیری کەسەکە و بە شێوەیەکی گشتی هەموو تێڕوانینەکانی دەگۆڕێت بەرانبەر ئافرەتان، وێنەیەکی شێواوی بۆ دروست دەبێت لەسەر سێکسی سرووشتی.

ئالوودەبوون هێز و ویستی تاکەکان لەناودەبات و دەیانخاتە ناو جیهانێکی بێکۆتا و لەبنەنەهاتووی شەرمەزاری و هەستکردن بە تاوانەوە، بەڵام ناتوانن بەسەر حەزەکانیاندا زاڵ بن، چونکە مێشک لەگەڵی ڕاهاتووە و ئالوودەی بووە، ئەوەیش کاریگەریی هەیە لەسەر سەنتەری ویست لە مێشکی مرۆڤدا و وای لێ دەکات لە هەموو کارەکانی تر پاشەکشە بکات و شکست بهێنێت: وەک وازهێنان لە وەرزش و نەمانی سیستمی خۆراکێکی تەندروست و تێکچوونی خەو و نەبوونی کاتی خوێندن و لەبیرچوونەوە و لەدەستدانی کار...

لێرەدا لە هەموو کاتێک زیاتر، پێویستمان بە چارەسەرە.

پێش دەستپێک، ئالوودەبوونت هەڵبسەنگێنە

لە سەرەتای پەرتووکی (چارەسەری ئالوودەبوانی پۆڕن)دا، (کیڤن سکینەر) دەڵێت: "زۆرینەی خەڵکی کاتێک هەڵەیەک دەکەن، هەڵەکە بە کەم دەزانن و لە قەبارەی کێشەکە کەم دەکەنەوە"، ئینجا ناوبراو ئامۆژگاریی ئالوودەبوانی فیلمە پۆڕنەکان دەکات و دەڵێت: "ئەگەر دەتەوێت ڕزگارت ببێت لە سەیرکردنی فیلمە پۆڕنەکان و خۆت چارەسەر بکەیت، ئەوا باری ئالوودەبوونی خۆت هەڵبسەنگێنە، چونکە چارەسەرەکە لەوەوە دەست پێ دەکات".

بەڵام کێشەکە لێرەوە دەست پێ دەکات، چونکە زۆربەی گەنجان ئەو کێشەیە بە کێشەیەکی بچووک و لاوەکی سەیر دەکەن و هەر ئاوڕیشی لێ نادەنەوە. کاتێک بە گەنجێک دەڵێیت: "بەسە چیتر سەیری فیلمی پۆڕن مەکە"، ڕاستەوخۆ و بێ دوودڵی بەم جۆرە وەڵامت دەداتەوە و دەڵێت: "کە هاوسەرگیریم کرد، وازی لێ دەهێنم"، یان دەڵێت: "خۆ شتێکی ئەوەندە گرنگ نییە، هەرکاتێک بمەوێت دەتوانم وازی لێ بهێنم". ئیدی بەم شێوەیە لە گەورەیی کێشەکە کەم دەکاتەوە!

هەر بۆیە (سکینەر) لە پەرتووکەکەیدا تاقیکردنەوەیەکی خێرای داناوە، بۆ ئەوەی خوێنەران ئاستی ئالوودەبوونی خۆیان بزانن، بە شێوەیەکی بابەتیانە و دوور لە بڕیاردانی کەسی. ئەو تاقیکردنەوەیە، کە بە (تاقیکردنەوەی سکینەر) ناسراوە، بیست و چوار قۆناغ

لەخۆدەگرێت و چەندین پێوەری جیای تێدا ڕەچاو کراون، وەک:

- چەندێک کات بەسەردەبەیت لە سەیرکردنی فیلمە پۆڕنەکان، تا دەگەیتە مەبەستەکەت.
- شکستهێنان لە هەوڵەکانت بۆ وازهێنان لە فیلمە پۆڕنەکان.
- بڕ و جۆری ئەو فیلمە پۆڕنانەی، کە سەیریان دەکەیت.
- تێکەڵبوون لەگەڵ دیمەنی فیلمە پۆڕنەکان و بوونی خەیاڵی سێکسی.
- ئەنجامدانی خووی نهێنی و چەندین پێوەری تر...

دوای ئەو پێوەرانە، (سکینەر) هەڵسوکەوتی کەسەکە هەڵدەسەنگێنێت و بەگوێرەی حەوت ئاست، پلەی ئالوودەبوونەکەی دیاری دەکات:

ئاستی یەکەم: بەشداریکردن، لەم ئاستەدا کەسی ئالوودەبوو بە شێوەیەکی هەڕەمەکی ساڵی دوو جار، یان سێ جار سەیری فیلمی پۆڕن دەکات.

ئاستی دووەم: ویستەکی، لەم ئاستەدا کەسی توشبوو بە ویستی خۆی و کونجکۆڵانە مانگانە زیاتر لە جارێک سەیری فیلمی پۆڕن دەکات.

ئاستی سێیەم: بە ڕای (سکینەر)، لێرەدا پلەی ئالوودەبوونەکە بەرز دەبێتەوە و کەسی ئالوودەبوو بیر لە پۆڕن دەکاتەوە. هەندێ جار

ناتوانێت خۆی لە سەیرکردنی فیلمی پۆڕن بپارێزێت و خۆی لێ دوور بخاتەوە، بەڵام هێشتا دەتوانێت کۆنترۆڵی هەڵسوکەوت و خەیاڵەکانی بکات.

ئاستی چوارەم: ئا لێرەدا کێشە ڕاستەقینەکە سەرهەڵدەدات، کەسی ئالوودەبوو قووڵ دەبێتەوە لە بینین و بیرکردنەوە لە پۆڕن، بە بینینی فیلمە پۆڕنەکان واز ناهێنێت، بەڵکو بەبەردەوامی پەرە بە خەیاڵە سێکسییەکانی دەدات و وێنە و وێنای جیاواز لە هزریدا دروست دەکات؛ هەروەها چێژ لە بینینی دیمەنەکان وەردەگرێت و هەرچی خەم و پەژارەیە لە بیری دەکات. ئەمەیش واتە: مێشکی بەرنامەڕێژ بووە بۆ وەرگرتن و قەبووڵکردنی دیمەنی فیلمە پۆڕنەکان وەک هەر دیمەنێکی تری ئاسایی، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو بۆی دەبێتە خەمڕەوێنیش.

ئاستی پێنجەم: لەم ئاستەدا لە لووتکە نزیک دەبێتەوە و زیاتر بەرەو هەڵکشان دەچێت.

ئاستی شەشەم: لە ئاستی پێش کۆتایی، کەسی ئالوودەبوو کاتی زیاتر بۆ پۆڕن تەرخان دەکات و کەمتر سەیری دیمەنی سێکسی ئاسایی دەکات، سەرنج دەخاتە سەر دیمەنە نامۆکان، کاریگەرییشیان لەسەر کارەکانی زیاتر دەبێت.

ئاستی حەوتەم: کۆتا ئاستە و بینەر دەگاتە لووتکەی ئالوودەبوون، تێیدا بە نزیکەیی هەموو ڕۆژێک سەیری فیلمی پۆڕن دەکات، بەمەیش پۆڕن کۆنترۆڵی هزر و خەیاڵ و هەموو کایەکانی ژیانی دەکات، ئیدی هیچ شتێکی لەدەست نامێنێت و هەموو ژیانی

لە کۆنترۆڵ دەردەچێت؛ کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر کار و چالاکییەکانی.

ئەم قۆناغە، لە هەموو قۆناغەکانی تر مەترسیدارترە، لە هەموویشیان زیاتر پێویستی بە چارەسەری ڕاستەوخۆ و بەپەلەیە. بە ڕای (سکینەر)، کەسی ئالوودەبوو لە قۆناغی چوارەمەوە پێویستی بە چارەسەرە، چونکە هەرچەند مرۆڤ زیاتر بینەری پۆڕن بێت و لە پۆڕندا قووڵ ببێتەوە، ئەوا زیاتر پێویستی بە چارەسەرە.

ئەی ڕێگەکانی چارەسەر چین؟

یەکەم ئامانج: دووبارە بەگەڕخستنەوە.

(دەمەوێت واز لە سەیرکردنی فیلمی پۆڕن بهێنم، چونکە کێشەی زۆری بۆ دروست کردووم)؛

(دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ سەیرکردنی فیلمە پۆڕنەکان، چونکە چێژ و خۆشیی لێ دەبینم).

عەقڵ و هزری هەمان کەسە دەکەوێتە نێوان بەرداشی ئەو دوو ڕستەیەوە، دوو ڕستەی جیاواز و تەواو پێچەوانەن، هەریەکەیان دەیەوێت کەسەکە کەمەندکێش بکات بۆ لای خۆی.

(لاری) و (وندی مالْتز) لە پەرتووکەکەیاندا، کە ناونیشانەکەی (تەڵەی پۆڕن)ـە، مژدە بە خوێنەرانیان دەدەن بەوەی، کە دەتوانن بەتەواوی ڕزگاریان ببێت لە ئالوودەبوون بە سەیرکردنی فیلمە پۆڕنەکان لە ڕێی ئەنجامدانی ئەو هەنگاوانەی خوارەوە:

١. بارودۆخی خۆت بنووسە:

ئاستی ئالوودەبوونت دیاری بکە و ئاماژە بەو کاریگەرییە خراپ و نەرێنییانەیش بکە، کە کردوویەتییە سەر ژین و ژیانت؛ هەروەها دەتەوێت بگەیت بە چی و بە کوێ؟ واتە تێڕوانیت چییە بۆ داهاتووی خۆت؟

٢. ژینگەیەکی پاک و دروست بۆ خۆت دروست بکە:

هەموو ئەو شتانە لەناوببە و بیانسڕەوە، کە دەتورووژێنن و پەلکێشت دەکەن بۆ سەیرکردنی فیلمی پۆڕن، جا ئەو شتانە لەناو مۆبایلەکەت بوون، یان لەناو کۆمپیوتەرەکەت، یان لە هەر شوێنێکی تر.

٣. وەرزش بکە:

دوای وازهێنان لە سەیرکردنی فیلمە پۆڕنەکان، کەسی ئالوودەبوو بەدەست چەندین جێکەوتەی خراپی دەروونی و جەستەییەوە دەناڵێنێت، بۆ ڕزگاربوون لەو پاشماوە و جێکەوتە نەرێنی و خراپانە باشترین چارەسەر بریتییە لە وەرزشکردن.

٤. کەسێک بکە بە چاودێرت، تەنانەت ئەگەر بە گریمانەییش بێت:

کاری ئەو چاودێرە ڕێکخستنی هەنگاوەکانی چارەسەرەکەت و سەرپەرشتیی کارەکانی ڕۆژانەتە، دەتوانیت لە ڕێی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بە ناوێکی خوازراو و شاراوە، هاوکاری لە کەسێکی بەناوبانگ و شارەزا وەربگریت.

بەر لەوە و پێش هەموو شتێك وەک موسڵمانێک لە بیرت نەچێت، کە خودا چاودێرە بەسەرتەوە، لە بیرت بێت، کە هیچ مرۆڤێک ڕۆژی زیندووبوونەوە نابینێت، تا لێی نەپرسن: تەمەنت لە چیدا سەرف کرد؟ گەنجێتیت چۆن بەسەربرد؟

بە پشتبەستن بەم هەنگاوانەی، کە باسمان کردن، چەندین

کۆمەڵە و گرووپی هۆشیارکردنەوە دروست بوون، لەپێناو هاوکاریکردنی کوڕان و کچانی وڵاتەکەمان؛ بۆ وازهێنان لە سەیرکردنی فیلمە پۆڕنەکان. ئەو دەسپێشخەرییە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێناوە و شیاوی ستایشن.

هاوبەشەکانی سەرکەوتن

(واعي) ڕێکخراوێکی هۆشیاری قازانجنەویستە، بە پێشەنگی ڕێکخراوە عەرەبییەکان دادەنرێت، ئامانجی هاوکاریکردنی کوڕان و کچانە، لە ماوەی حەوت ساڵی دروستبوونیدا، تەنیا لە فەیسبووک پتر لە سێ ملیۆن و نیو شوێنکەوتوویان هەیە و خاوەن گەورەترین گرووپی چالاکیی عەرەبن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی بەرەڵایی سێکسی.

لە لێدوانی یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەو ڕێکخراوەدا هاتووە: (هەزاران کەس توانیتان چاک ببنەوە و واز لە سەیرکردنی فیلمی پۆڕن بهێنن، بە هاریکاریی گرووپەکەمان و لە ڕێی پێشکەشکردنی پلانێکی (٩٠) نەوەد ڕۆژە. هەرکەسێک بیەوێت لە ئالوودەبوون ڕزگاری ببێت، با هیچ هەست بە شەرمەزاری نەکات، دەتوانێت داوای هاوکاری لە ئێمە بکات لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ئێمەیش هاوبەشێکی بۆ تەرخان دەکەین بۆ ئەوەی ڕۆژانە سەرپەرشتی و بەدواداچوون بۆ کارەکانی بکات؛ بێ ئەوەی شەرمەزاری بکات).

ناوبراو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە: (چاکبوونەوە شەڕێکی بەردەوامی گەرەکە و بە ساتێک ناکرێت، هەر بۆیە جددیین لەسەر

بەدواداچوون بۆ کاری کوڕان و کچانمان، هەروەها هۆشیارکردنەوەیان بۆ ئەوەی جارێکی تر بەشێوەیەکی خراپتر نەگەڕێنەوە سەر ئەو کارە).

لەسەر ئاستی جیهانیش چەندین ڕێکخراوی هاوشێوە هەن و هەمان خزمەتگوزاری پێشکەش بە ئالوودەبوان دەکەن، لەناویاندا ماڵپەڕی (Nofab)، کە هاوکاری پێشکەش بە چارەخوازان دەکەن.

هەموو کارەکە، تەنیا پێویستی بە ساتێکە، کە تێیدا لەگەڵ خودی خۆت زۆر بە ڕاستگۆیی بەڵێنی ئەوە دەدەیت جارێکی تر نەگەڕێیتەوە سەر ئەو کارەی، کە پێشووتر کردووتە؛ زۆر بەڕاشکاوی داوای هاوکاری لە پسپۆڕان دەکەیت، پاشان شێوازی ژیانت بگۆڕە، بە ئەرێنی بڕوانە ژیان و بەردەوام بە لە وەرگرتنی چارەسەرەکەت و کۆڵ مەدە؛ دڵنیابە لە کۆتاییدا بەرهەم و پاداشتی هەوڵدانەکەت وەردەگریتەوە و ئەوکات بۆت دەردەکەوێت، کە ئەو دەرئەنجامە، شیاوی هەوڵ و کۆشش بوو.

(وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَا لَنَهۡدِيَنَّهُمۡ سُبُلَنَا وَإِنَّ ٱللَّهَ لَمَعَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ) [العنكبوت: ٦٩]

واتە: "ئەو بڕوادارانەی جیهادی دوژمنانی خوا و نەفس و شەیتان دەکەن و سەبر و ئارام لەسەر تاقیکردنەوەکان و ئازارەکان لەپێناوی خوا دەگرن، خوا ڕێی خێر و چاکەیان پیشان دەدات و لەسەر ڕێگەی ڕاست، چەسپاو و دامەزراویان دەکات، جا

هەرکەسێک ئەمە سیفەتی بێت؛ ئەوا ئەو کەسە چاکەی بۆ خۆی و کەسانی دیکە هەیە. خوای بەرز و مەزن لەگەڵ ئەو کەسەیە، کە چاکە لەگەڵ خەڵک دەکات، لەگەڵبوونی خودایش بریتییە لە لەگەڵبوونی سەرکەوتن و پشتگیری و پاراستن و ڕێنمایی".

ناوەرۆک

بەرەڵایی سێکسی، ئێستا کاتی دانەوەی باجەکەیە ٧

فیلمی پۆرن... ٩

گەشتیاری سێکسی ١١

سەرگەردانیی خێزانەکان ١٤

فێتیشیزم (FETISHISM) ١٦

سێکس لەگەڵ منداڵان ١٨

نەهامەتیی لەشفرۆشەکان.. ٢٠

کۆتایی ٢٢

دەستدرێژیکردن بە مەبەستی چێژوەرگرتن، بڵاوکردنەوەی حەزی نامۆی سێکسی.٢٣

بێ ئارەزوویی چییە؟ ٢٥

سەرەتای لێکترازان، کەی بەرەڵایی سێکسی دەستی پێ کرد؟.................. ٢٨

بڵاوکردنەوەی ڤیزۆنی ٣٠

گیانێکی ماندوو و جەستەیەکی مردوو..................................... ٣٢

ناچارکردنێکی شاراوە ٣٤

منداڵ لە فیلمە پۆڕنەکاندا ڕۆژئاوا چۆن سنووری منداڵی دەبەزێنێت؟ ٣٩

زۆر مەترسیدارە.. ٤١

بەکارهێنانی منداڵان بۆ سێکس.. ٤٥

بەسێکسکردنی منداڵان! ٤٥

گەورەتر لە شاشەیەک ٤٧

دوای لادانی سێکسی، کێ بوو پێدۆفیلیای گەیاندە سەکۆی TEDX ٥٢

تۆم نۆکاڕۆڵ ٥٢

منداڵباز کێیە؟ ٥٣

ڕێچکەکە بشکێنە ٥٦

بەریەککەوتنێکی چاوەڕوانکراو ٥٩

قوربانین، نەک تاوانبار.. ٦١

دەنگی منداڵبازەکان ٦٦

ڕێگەی ڕزگاربوون، چۆن واز لە سەیرکردنی فیلمە پۆڕنەکان دەهێنیت؟ ٦٩

عەقڵێکی بەدیلگیراو ٧٢

پێش دەستپێک، ئالوودەبوونت هەڵبسەنگێنە ٧٥

ئەی ڕێگەکانی چارەسەر چین؟ ٧٩

یەکەم ئامانج: دووبارە بەگەڕخستنەوە. ٧٩

هاوبەشەکانی سەرکەوتن.. ٨٢

ناوەڕۆک ٨٥

04 SEXUAL HARASSMENT

بەرەڵایی سێکسی

ئێستا کاتی دانەوەی باجەکەیە

بیرۆکەی شۆڕشی سێکسی بووە بنەمایەک بۆ هەڵوەشاندنەوەی بیرۆکە باوەکانی هاوسەرگیری و خێزان و وەچەخستنەوە و گۆڕینەوەی بە بەرەڵاییەکی بێسنوور، کە ڕەچاوی هیچ یاسا و ڕێسایەک ناکات، جگە لە حەزونارەزوو.

گرنگ نییە، تا چەند لادەر و گومڕایت و سنوورت بەزاندووە. بێگومان ئەمەیش ڕێپێدان و برەودانە بە سەرکێشیی سێکسی و سێکسکردن لەگەڵ هەر شتێک و لە هەر کاتێکدا.

بەڵام لەم جیهانەدا هیچ شتێک بەخۆڕایی و بێبەرانبەر نییە، هەر کاڵایەک باجی خۆی لەسەرە. کاتێک لە ژێر ناو و کاریگەریی ئازادیی سێکسی سزا نەما، ئیتر شەرم و ئابڕوو بەرەو نەمان چوو. ئیدی کاتی دانەوەی باجەکەی هات.

نرخی 3000 دینار
9 789922 690452

نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوە
هەولێر - شەقامی ٦٠مەتری تەنیشت منارەی چۆلی
/TafseerOffice
+964 750 818 08 65
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com